# گێرانەوەی بیرەوەری لە ڕۆمانی (زاکیرەی با )ی ئەحمەدی مەلادا

**پ. ی. د. لەنجە عبدالرحمن غریب**

lanja.abdurahman@uor.edu.krd

**پسپۆڕی: ئەدەبی کوردی**

**بەشی کوردی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین**

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٥/٢٠ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٦/١٢**

**پوختەی توێژینەوە:**

ڕۆمانی " زاکیرەی با " ی ئەحمەدی مەلا لە گێرانەوەدا وەك ڕۆمانێکی جیاوازتر لە دونیای ڕۆمانی کوردی خۆی دەنوێنێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بنەڕەتدا بنیاتی داڕشتنی ئەم ڕۆمانە وەك ڕۆمانێکی ئاسایی دانەڕێژراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای گێرانەوەی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی خودی ڕۆماننووس بنیاتنراوە. واتا ئەحمەدی مەلا لە بری ئەوەی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری خۆی لە شێوەی بیرەوەری ئاساییدا بگێڕێتەوە هاتووە گێرانەوەی ئەو بیرەوەرییانەی تێکەڵ بە دونیای خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی کردووەو خستوویەتییە چوارچێوەی فۆرمی هونەریی ژانری ڕۆمانەوە؟! هەروەکو ئەوەی لەسەر بەرگی کتێبەکەشیدا نووسیویەتی ڕۆمان لە بری ئەوەی بنووسێت بیرەوەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەدی مەلا بەو پەڕی توانایەوە هەوڵیداوە گێرانەوەی ئەو بیرەوەرییانەی ئەو سەردەم و قۆناغەی منداڵی و هەرزەکاری بگوڕێت بۆ گێرانەوەی لە شێوەی ژانری ڕۆمان لە بەرگی ئاسایی بیرەوەریدا نەیهێڵێتەوەو ئاوێزانی گێرانەوەی هونەریی بکات و لە هەمان کاتیشدا سیمای بیرەوەرییشی بە تەواوی لێ نەسێنێتەوە، بەجۆرێك کە خوێنەر هەر لە سەرەتای گێرانەوەکەیەوە هەست بەوە بکات ئەوەی دەیخوێنێتەوە ئەوە بیرەوەری خودی خۆیەتی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر لە سەرەتاشەوە ئەوەی لا ڕووندەبێتەوە ئەوەی دەیخوێنێتەوە ئەوە ڕۆمانێکی تەواو هونەرییە. لەو ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە چۆنییەتی گێرانەوەی ئەو بیرەوەرییە لە فۆرمی ڕۆماندا دەردەخات بە تیشك خستنەسەر ئەو ڕەگەزانەی پێکهێنەری هەردوو جۆرە ئەدەبییەکەن، وەکو: کارەکتەر و ڕووداو و شوێن و کات و وەسف بە نموونەی وەرگیراوی نێو ڕۆمانەکە.

کلیلە وشەکان: گێرانەوە، بیرەوەری، ڕۆمان، ڕووداو، شوێن.

**پێشەکی:**

بیرەوەری تۆمارکردنی کۆمەڵێك بەسەرهات و ڕووداوی ژیانی کەسێکە لە قۆناغ و ماوەیەکی کاتیی دیاریکراودا کە لە لایەن خودی کەسەکەوە بە زمانێکی ڕوون و ئاسان دوور لە وەسف و وردەکاری هونەری دەگێردرێنەوە، سروشتی ئەو جۆرە ژانرەو گێرانەوەکەشی بەو جۆرەیە، کە ڕووداوەکانی نێو گێرانەوەکە شوێن و کاتی گێرانەوەی بیرەوەرییەکان ڕاستەقینەن و تایبەتن بە ژیانی خودی نووسەر. بوونی ئەو ڕەگەزانەش کە لە گێرانەوەی بیرەوەریدا بوونیان هەیە لە بنیاتی هونەری ژانری ڕۆمانیشدا دەبینرێن، ئەمەش وادەکات شێوە لێکچوونێك لە نێوان گێرانەوەی بیرەوەری و گێرانەوەی ڕۆماندا بێتە ئاراوە لە بەرانبەریشدا ڕووداوەکانی نێو ژانری ڕۆمان و شوێن و زەمەن و کاتی گێرانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمان ئەگەر ڕاستەقینەشبن ئەوا مەرج نییە خودی و تایبەتیین بە ژیانی نووسەر. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە گێرانەوەی بیرەوەری کاریکی تایبەت و دوور لە خەیاڵ و تەکنیك و یاریی هونەرییە، بەجۆرێك کە زۆر کەس دەتوانن بیرەوەری ژیانی خۆیان بگێرنەوە، بەڵام ناتوانن سیمای گێرانەوەی هونەری ڕۆمان بەو بیرەوەرییە

گێردراوانە ببەخشن، بەڵام ڕۆمان دەتوانێ یان دەرەوەستی ئەوە دێت کە بیرەوەری بکات بە بابەت و ناوەڕۆکی خۆی، چونکە بەلای ڕۆماننووسەوە کارێکی ئەستەم نییە بیرەوەری خودی خۆی لە گێڕانەوەی بیرەوەری ئاساییەوە بگۆڕێت بە گێڕانەوەیەکی هونەریی. ئەحمەدی مەلاش لە ڕۆمانی " زاکیرەی با "دا لە بری گێڕانەوەی بیرەوەری چەند ساڵێکی تەمەنی خۆیدا توانیویەتی ئەو بیرەوەرییانەی لە شێوە گێڕانەوەیەکی ئاسایی بیرەوەرییەوە بگۆڕێت و ڕووداوو بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی لە شێوەو ناوەڕۆکی ژانری هونەری ڕۆماندا بگێڕێتەوە، تەناتەت لە جیاتی ئەوەی لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا بنووسێت "بیرەوەری" نووسیویەتی "ڕۆمان" و ناوی ڕۆمانەکەشی ناو ناوە "زاکیرەی با". ئەم توێژینەوەیەش لەو ڕوانگەوە سەرچاوەی گرتووە کە چۆنیەتی ئەو بە هونەری کردنەی بیرەوەرییەکانی ڕۆماننووس بۆ ڕۆمان دیار بخات.

**سنووری کاری توێژینەوەکە:** سنووری کاری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی "زاکیرەی با" و چۆنیەتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی "ئەحمەدی مەلا" لە فۆرم و ناوەڕۆکی هونەریی ژانری ڕۆماندا.

**گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە**: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە ئەحمەدی مەلا تا چەند توانیویەتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی لە شێوە فۆڕمێکی ئاساییەوە بگۆڕێت بۆ ژانری ڕۆمان و لە چوارچێوەی ڕۆماندا جێگەی بکاتەوە؟ یان تەکنیکی وەسف و ئەرکە جیاوازەکانی وەسفکردن چ ڕۆڵێکیان بینیوە لە بەڕۆمانکردنی بیرەوەرییەکانی نووسەردا؟ تا چەند بۆ خوێنەر ڕووندەبێتەوە، کە ڕۆماننووس لە توانایدابووە لە بری تۆمارکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی وەك بیرەوەری، بەرگێکی دیکە بکات بە بەر ئەو بیرەوەرییانە و لە شێوەو ناوەڕۆکی فۆڕمی ڕۆماندا بیانگێڕێتەوە؟.

**میتۆدی توێژینەوەکە**: میتۆدی کاری ئەم توێژینەوەی میتۆدی (وەسفی –شیکاری)یە، لەبەشی یەکەمدا وەك بەشێکی تیۆری لەبارەی بیرەوەری و ڕۆمان و پەیوەندی و لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان بیرەوەری ڕۆمان دواوین و لە بەشی دووەمدا وەك بەشێکی پراکتیکی بە پشتبەستن بە نموونەی وەرگیراوی نێو ڕۆمانەکە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەر لە شێوەی ڕۆماندا خراوەتەڕوو.

**پێکهاتەی کاری توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دوو بەشدا دەبینێتەوە. بەشی یەکەم لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە. لە باسی یەکەمدا باسمان لە چەمك و ناساندنی بیرەوەری کردووەو لە باسی دووەم: گێڕانەوەو هاوشێوەبوونی ژانری بیرەوەری و ژانری ڕۆمان و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیانمان خستووەتەڕوو، لە باسی سێیەمیشدا ئەرکەکانی وەسفمان وەك هۆکارێکی بە ڕۆمانکردنی بیرەوەری باس کردووە. لە بەشی دووەمیشدا چۆنیەتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەرمان لە پێکهاتەی ڕۆمانەکەدا لە گۆشەنیگای گێڕانەوەی ڕووداوەکان و، گێڕانەوەی بەسەرهاتی کارەکتەرەکان و، گێڕانەوەی شوێنی ڕووداوەکان و، چۆنیەتی گێڕانەوەی کاتی ڕووداوەکان دیاریکردووە. لە کۆتاییشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکانمان لە چەند خاڵێکدا خستۆتەڕوو پاشان پوختەی باسەکەمان بۆ زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی وەرگێڕاوەو ئاماژەمان بە سەرچاوە زانستییە سوودمەندەکان کردووە.

sjh@univsul.edu.iq

**بەشی یەکەم: ڕۆمان و بیرەوەری**

**١- ١: چەمك و ناساندنی بیرەوەری**

بیرەوەری، تۆمارکردنی ڕووداو و بەسەرهاتە بینراوەکانی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی کەسێك و هەڵگرتنیانە لە بیر و یادگەی ئەو کەسەو پاشان نووسینەوە و گێڕانەوەیانە بەشێوەیەکی واقیعی، یان گێڕانەوەی کۆمەڵێك ڕووداو و بەسەرهاتە کە لە زەمەن و کاتێکی دیاریکراودا لە لایەن نووسەرەوە دەخرێنە چوارچێوەی نووسینەوە و دارشتنەوەیانە وەکو ئەوەی ڕوویانداوە دوور لە ئاوێتەکردنیان بە خەیاڵ و فەنتازیای گێڕانەوەی هونەریی " بیرەوەری بریتییە لە توانای نوێنەرایەتیکردن بۆ هەڵبژادنی ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە ئەزموونێکی دیاریکراو، کە لەیەکێك یان چەند سیستەمێکی بیرگەدا بەشێوەیەکی ناوازە ڕێکدەخرێن و دەپارێزرێن، یان پاراستنی زانیارییەکانە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە پێکهاتەی بیرگەداو دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەندێك یان هەموو ئەو زانیارییانەیە لە کاتێکی دیاریکراوی داهاتوودا، ئەمەش لە ژێر بارودۆخ یان مەرجێکی دیاریکراودا " (عبداللە، ٢٠٠٣، ١٧). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گێڕەرەوەی بیرەوەری جارێکی دیکە ئەو ئەزموونانە هەڵدەداتەوەو دەیانخاتەوە بەرباس کە نووسەر لە قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنیدا پێیاندا تێپەڕیوە، ئامانجیش لێی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیدا بەسەریدا هاتوون و تایبەتبوون بە ژیانی خۆی یان شایەتحاڵی هەندێ ڕووداو و بینینییان بووە کە لە دەوروبەریدا ڕوویانداوە، بۆیە لە گێڕانەوەشیاندا ڕاستگۆیی و وەك خۆیی ڕوودانی ڕووداوەکان لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەو جۆرە ژانرە ئەدەبییە دەبن.

لەکۆنەوە بیرەوەری جێگەی بایەخپێدانی فەیلەسووف و بیرمەند و ئەدیبان بووە، یەکەم کەس کە بەشێوەیەکی فەلسەفی قوڵ لە بارەی بیرەوەرییەوە دواوە قەشە ئۆگەستینە کاتێك دەڵێت: "بیرەوەری تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لە خود و بوون، مرۆڤ لە ڕێگەی بیرەوەرییەوە دەتوانێت ئاگاداری ڕابردووی خۆی بێت و ئەزموونی کاتی و سۆزداری بنیات بنێتەوە، بەم ئەرکە دوانەییە بیرەوەری ڕۆڵێکی دیارو جەوهەری لە ژیانی نائاگا و هۆشیارانەی خودی مرۆڤدا دەگێڕێت"(مورو ، ٢٠١٢ ، ١).

بەم شێوەیە بیرەوەری تەنیا وەك کۆمەڵێك ئەزمونی کەڵەکەبوو، یاخود کۆگایەکی پڕلەزانیاری بەکارنەهاتوو سەیر ناکرێت، چونکە چەمکەکە لەوە فراوانترە و وەك کۆمەڵێك ئەزموونی زیندوو لێی بڕوانرێت، کە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە درکی پێدەکات و لێی تێدەگات و دەبنە بەشێك لە بوون و دەلاقەیەك بۆبینینی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە زەمەنی ئێستادا و پەیوەستن بە هۆشیاری و کاتەوە هەروەك فەیلەسووفی فەرەنسی برگسۆن دەڵێت: "ئەگەر لەسەر بیرەوەری بوەستین کە پاشماوەی دیمەنەکانی پێشوون، ئەوا ئەم دیمەنانە بەردەوام تێکەڵ بەو شتانە دەبن کە لە ئێستادا ئێمە لە ڕووی هەستەوە هەستی پێدەکەین و دەتوانن جێگەیان بگرنەوە" ((بوطالب، ٢٠١٨ ، ١٦). لێرەدا برگسۆن پێیوایە بیرەوەری لە پاشماوە یان شوێنەواری دیمەن و ڕووداوەکانی پێشوو پێکدێت. لەهەمان کاتدا بیرەوەری تەنها لەشێوەی زانیاریدا هەڵناگیرێت، بەڵکو ماددەیەکی زیندووە کە هۆشیاری و ئەزموونمان لە قاڵب دەدات، لەوانەیە ڕووبدات یادەوەرییەکان جێگەی ئێستا بگرنەوە و کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری ئێستامان هەبێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕەنگە یادەوەرییەکان ئەوەندە بەهێز بن کە ئەزموونەکانی ئێستای نووسەردا تێکەڵ بەیەکتر بن و ببنەوە بە هەوێنی گێڕانەوەیەکی ئاسایی لە شێوەی بیرەوەریدا، یان ببن بە هەوێنی ژانرێکی گێڕانەوەی وەك چیرۆك و ڕۆمان، یان بە واتایەکی تر بیرەوەرییەکان لە کاتێکی درەنگتردا ببنە ئەزموونێکی ئێستا. "بێرگسۆن پێیوایە یادەوەری زیندوو نوێنەرایەتی تەنها بیرهێنانەوەی ڕووداوەکان ناکات، بەڵکو بەشێکە لەو کاتە ناوەکییەی کە تاک هەستی پێدەکات. بەم مانایە یادەوەرییەکان دەتوانن لە ساتەوەختی ئێستادا زیندوو کاریگەربن، واتە کات تەنیا زنجیرەیەک ڕووداوی هێڵیی نییە، بەڵکو ئەزموونێکی هۆشیارییە کە ڕابردو و ئێستا لەخۆدەگرێت. لەگەڵ واقیعی ئێستا تێکەڵ بووە و کاریگەری لەسەر ئەزموونەکانی ئێستامان هەیە"(بوطالب، ٢٠١٨ ، ١٦).

بیرمەندی فەرەنسی پۆل ڕیکۆر لەبارەی گرنگی بیرەوەرییەوە دەڵێت : کات نابێتە چەمکێکی مرۆیی ئەگەر لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ڕێك نەخرێت، لەم ڕوانگەیەوە بیرەوەری پەیوەندییەکی ونبووی نێوان کات و گێڕانەوەیە، لەم چوارچێوەیەدا جیاوازی دەکات لە نێوان یادەوەری و ئەوەی کە ڕەنگە لەگەڵ خەیاڵدا تێکەڵ بکرێت و دەڵێت: "ڕاستە بیرەوەری و خەیاڵ ئامادەییەکی ونن، بەڵام بیرەوەری ئاماژەیە بۆ واقیعێکی پێشوو کە بە تێپەڕبوونی کات گەرەنتی زیندوێتی خۆی دەکات، لە کاتێکدا خەیاڵ بەرهەمی ئەو سیستەمە خەیاڵییەیە کە ئاماژە بە جیهانەکانی مومکین و چاوەڕوانکراو دەکات، لێرەوە خوێندنەوەی ڕووداوی ڕابردوو ملکەچی ڕێساکانی بیرەوەرییە،

sjh@univsul.edu.iq

لەلایەکی دیکەوە پێداویستییەکانی کاریگەریی گێڕانەوە پێویستی به ئامرازەکانی بنیاتنانی خەیاڵییە" (هنداوی، ٢٠١٦ ، ٣). پۆل ڕیکۆر بەم تێڕوانینەی لە لایەکەوە باس لە گرنگی بیرەوەری دەکات پێیی وایە بیرەوەری ئەوەیە کە کات بە گێڕانەوەوە دەبەستێتەوە، چونکە ڕابردوو دەپارێزێت و لە ڕێگەی پرۆسەی گێڕانەوە دووبارە دەیخاتە ڕوو، وەك ئامرازێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لەکات لێی دەڕوانێت کە بەهۆیەوە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەپارێزرێت، ڕابردوو تەنها ساتێکی زوو تێپەڕ دەبێت، بەڵام بەهۆی بیرەوەرییەوە دەتوانین لەناو گێڕانەوەکەدا شێوەی دابڕێژینەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ڕیکۆر جیاوازی دەکات لە نێوان بیرەوەری و خەیاڵدا و دەڵێت بیرەوەری لەسەر بنەمای ڕاستییە ڕاستەقینەکان کاردەکات، لە کاتێکدا خەیاڵ لەناو ئەگەرە نەهاتووەکان یان خەیاڵییەکاندا کاردەکات، کاتێک ڕابردوو دەگێڕدرێتەوە، ملکەچی ڕێسا و میکانیزمەکانی یادەوەرییە، کە ڕەسەنایەتی ڕووداوەکە و یەکگرتوویی لەگەڵ واقیعدا مسۆگەر دەکات، لە هەمان کاتدا گێڕانەوە پێویستی بە کەرەستەی خەیاڵی هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زیندووتر و کاریگەرتر پێشکەش بکرێت، ئەمەش وا دەکات کردەی گێڕانەوە لە ئاسۆیەکی نوێوە بخرێتەڕوو، کەواتە ڕیکۆر پێیوایە بیرەوەری لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت، بەڵام ناتوانرێت بە تەواوی لە خەیاڵ جیا بکرێتەوە، چونکە گێڕانەوە پێویستی بە هەردووکی هەیە بۆ بنیاتنانی جیهانێکی ئەدەبی نوێ و داهێنەرانەی وەك ڕۆمان. بیرەوەرییەکانی نێو ڕۆمانی زاکیرەی بای ئەحمەدی مەلاش بەهەمان پرۆسەدا براون تا بوون بە کەرەستەیەکی واقیعی بەخەیاڵکراو و لە شێوەی ڕۆماندا وێنەیان گرتووە.

**١ - ٢: گێڕانەوەو هاوشێوەبوونی ژانری بیرەوەری و ژانری ڕۆمان و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیان**

گێڕانەوە بەیەکێك لەگرنگترین بنەماکانی بیناى هونەری دەقی چیرۆك و ڕۆمان دادەنرێتو چۆنیەتی گێڕانەوەش ئاستی سەرکەوتن و مانەوەی ئەو ژانرانە دیاریدەکات و لە نێو ژانرە ئەدەبییەکانیشدا ڕۆمان لەهەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکانی دیکە زیاتر گرنگی بەگێڕانەوە دەدات، ئەمەش وایکردووە ئەم ڕەگەزە هونەرییە جێگەی بایەخی بیرمەندان و توێژەرانی بواری ڕۆمان بێت پێگەو گرنگی لەبەرچاو بگیرێت "گێڕانەوە لە ڕۆماندا، لە سادەترین فۆرمیدا، بریتییە لە گەیاندنی زنجیرە ڕووداوێکی نێو دنیایەك کە زادەی خەیاڵە، یان بەڕاست دانراوە و لە ڕێگای سیستمی سیمبولئامێزی زمانەوە پێشان دەدرێت یان دەگێڕدرێتەوە" (یەعقووب، ٢٠١٥، ٦٧).

ڕۆمانیش وەك ژانرێکی ئەدەبی و هونەری یەکێکە لەو ژانرانەی بەهۆی فراوانی مەودای گێڕانەوەوە تێیدا دەرفەت بۆ زۆر بابەت و ڕەهەندی جیاواز دەڕەخسێنێ تاوەکو ئاوێزانی بن، هەر بۆیە زۆرجار ڕۆمان دەبێتە زمانحاڵی مێژوو، کەلتوور، سایکۆلۆژیا، بایۆگرافیا، باری ڕامیاری...تاد، چونکە "دەشێ ڕۆمان ببێتە تەواوکەری ناسنامەی ئەدەبی هەر نەتەوەیەكو لەهەولی ئەوەدابێت گوزارشت لەتێکڕای لایەنەکانی ژیانی نەتەوە بکاتو تەواوکەری سەرجەم لایەنەکانی دیکەی ئەدەبو بەشەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بێتو پوختەی بەسەرهاتو بارودۆخی کۆمەڵ لەشێوەی چیرۆکی هونەرییدا بۆ ساتەوەختو داهاتووی نەتەوەکەی بگێڕێتەوە" (ابراهیم، ٢٠١٣ ، ٣)، کە ئەمەش جۆرێك لە خۆسەپاندنی خودی ڕۆمان دەردەخات بەبەراورد بە ژانرەکانیتر، ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە پانتایی گێڕانەوە لە ڕۆماندا لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی وەك چیرۆكو شیعر بوارێکی ئاوەڵاتربێت و تۆکمەتر بێت بۆ گوزارشتکردن لەوەی کە لە توانای چیرۆكو شیعردا نییە دەریانبڕن، بۆیە دەکرێ بڵێین، گوزارشتکردنی ڕۆمان لە کێشە قووڵەکانی ناوەوەی کۆمەڵ بەزمانی سەردەمو وێنەگرتنی ڕووداوەکانی کۆمەڵ لە لایەن ڕۆماننووسەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "ڕۆمان وێنەگرتنێکی هونەرییانەی تەواوی ژیانی بنیادەمە. چ لەباری ئاساییو چ لەباری قارەمانییەوە، چ لەڕووی تاوتوێکردنی ناخ و ڕوحی بنیادەمەوە، کە ئەمانە هەروا بەسانایی‌و لەچەند وشەیەکی کەمدا نایەنە نیشاندان، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆمان ئاوێتەی تایبەتمەندییە مرۆڤانەییەکانەو هەرگیز ناشێت مرۆڤ لەمەیدانی ڕۆمان وەدەربنرێت" (عارف، ٢٠٠٨، ٤٥). ئەمەش ڕۆڵو بەهای ڕۆمان دەگەیەنێت لەبەرامبەر ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەب و وادەکات، کە ڕۆمان شان بەشانی مێژوو وێنەی چەندین ڕووداو و بەسەرهات بگرێت و سوود لە چەندین بواری جیاجیاش وەرگرێت، تا بیانکاتە هەوێنی داهێنان لە شێوەو فۆرمی هونەریدا بیانگێڕێتەوە "ئالۆزییەکانی ژیان وادەکات ڕۆماننووس پەنابباتە بەر شێوە دەربڕینی جیاواز، دەمێکیشە ڕۆماننووسان سوود لەبوارە مەعریفیو هونەرییەکان وەردەگرن بۆ نووسینی ڕۆمانو دەوڵەمەندکردنی"(عمر، ٢٠١٠، ٤١).

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ڕۆمان دەتوانێ لە گێڕانەوەدا بیرەوەری بکات بە سەنتەر و چەقی گێڕانەوە بۆ ئەوەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکە لە فۆرمی گێڕانەوەیەکی ئاسایی دوور بخاتەوەو لە قاڵبی گێڕانەوەیەکی هونەریدا بیخاتەڕوو، تا لە شێوەی ژانری هونەریی ڕۆماندا بگێڕدرێتەوە، چونکە ئەگەر بیرەوەری نووسینەوەو داڕشتنەوەی ڕووداوەکانی ژیانی کەسێك بێت لە قۆناغ و مەودایەکی سەردەمی جیاوازی ژیانی ئەو کەسەداو لە نێو بیرو هزردا وەدەربنرێت ئامانج لێی گێڕانەوە بێت، ئەوا دەشێ ئەو بیرەوەرییانە لە فۆرمی ئاسایی

نووسین وەدەربنرێن و لە شێوەی فۆرمێکی هونەرییدا بکرێن بە ژانرێکی وەك ڕۆمان، ئەمەش لە سروشتی هەردوو ژانرەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە تا ئەندازەیەکی زۆر لە یەکترەوە نزیکن لە ڕووی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیان و چۆنیەتی گێڕانەوەیان، "ڕەنگە گەورەترین ڕۆماننووسی دنیا، ڕۆژێکی ژیانی خۆی یان ڕووداوێکی ژیانی خۆی بکات بە کەرەستەی هەوێنی چاکترین ڕۆمان بە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوون لەگەڵ ڕووداوەکانی دەوروپشتی خۆی و خەیاڵ و زیادەکردنی خۆشی بخاتە سەر و کاریگەریی ڕۆشنبیری و زەخیرەی مێشکی خۆشی لە دنیا و کەسان و نووسەرانی دیکە کە لە مێشکیدا ماونەتەوە وەربگرێت، کە دواجار هەموو ئەوانە دەبن بە کەرەستەیەك یا پرۆژەی ڕۆمانێك کە ڕەنگە دەقێکی سەرکەوتووشی لێ دەربچێت" (ڕەشید، ٢٠٠٧، ٤٩)، بەڵام ئەوەی بیرەوەری و ژانری ڕۆمان لە یەکترییان جیا دەکاتەوە بابەتی واقیعی بوونی بیرەوەری و بەخەیاڵکردن یان خەیاڵی بوونی ڕۆمانە، کە ئەمەش دەرفەت بە کەسانی ئاسایی نادات لە گێڕانەوەی بیرەوەرییدا پەنا بباتە بەر گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانە بەشێوەیەکی هونەریی، بەڵام کاتێك ڕۆماننووسێك دەیەوێت بیرەوەرییەکانی لە شێوەی ڕۆماندا بگێڕێتەوە ئەوا بەهونەرییکردنی ئەو بیرەوەرییانەی خۆی کارێکی ئاسانترە. لەم بارەیەوە جۆرج مای دەڵێت: " ئەوەی هەڵوێستمان بەرامبەر بە خوێندنەوەی ژیاننامەیەکی خودی و خوێندنەوەی ڕۆمانێک جیا دەکاتەوە، ئەوە نییە یەکەمیان ڕاستەقینەیەو دووەم خەیاڵییە، بەڵکو ئەوەیە کە یەکەم لە بەرگێکی حەقیقیدا دەردەکەوێت و دووەم لە بەرگی خەیاڵیدا" ( الشیب، ٢٠٠٦، ص١٤).

کەواتە بیرەوەری لە گێڕانەوەیدا مەرجی واقیعی بوونی بەسەردا دەسەپێت، بەڵام دەکرێت گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییە بەڕۆمان بکرێت بە بێ ئەوەی سیمای ئەو واقیعیەتبوونەی لێ بسەنرێتەوە کە لە ڕێگەی خەیاڵی هونەرییەوە بەو بیرەوەرییە دەبەخشرێت، کە ڕۆماننووس ئامانجیەتی بیگێڕێتەوە کە ئەویش زیادەکردنی بابەتی وەسف و مەودای گێڕانەوەی ئەو بیرەورییانەیە لە ڕێگەی وەسفکرنی ڕەگەزەکانی بیرەوەرییەوە، هەروەك ئەوەی تۆلستۆی لە بارەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی بەشێوازێکی هونەری دەڵێت: "چیرۆکی ژیانی دوێنێم دەنووسم نەوەك بە تەنها لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژەکە سەرنجڕاکێش بوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەتوانم بەشێوازێکی سەرسوڕهێنەر وەسفی بکەم" (ادینوکوف، ١٩٨١، ٢٤). لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە گێرانەوەی بیرەوەری و گێڕانەوەی ڕۆمان تەواو لە یەکتر دەچن تەنانەت ئەگەر گێڕانەوەی ڕۆمانەکە گێرانەوەیەکی تەواو واقیعیش بێت، بەڵام لە گێڕانەوەی بیرەوەری لە شێوەو فۆرمی هونەریی ڕۆماندا ئەو بیرەوەرییە لە ریگەی وەسفی زمانییەوە هەم جوانتر و ڕازاوەتر دەکرێت هەم چێژبەخشتر خۆی وێنا دەکات، چونکە وەك ڕوونە توانا و هێزی ڕۆماننووسان و نووسەران لە دەربڕین و گوزارشتی زمانییەوە تەواو جیاوازە لە تواناو داڕشتن و گوزارشتکردنی کەسانێك کە بیرەوەری خۆیان دەگێڕنەوە بەشێوەیەکی ئاسایی. بۆیە ئەگەر بێت و گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانە وەکو خۆیان واقیعیەتی ڕوودانیان لە لایەن ڕۆماننووسەوە پارێزراو بێت تەنها لە گێرانەوەیاندا لە شێوەو فۆرمی ڕۆماندا لە ڕێگەی وەسفەوە برازێنرێنەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە واقیعی بیرەرەرییەکان جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەبێت لەوەی کە هەیە، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی جەوهەری بەڕۆمانکردنی بیرەوەری ڕۆماننووس و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر لە ڕووی هەردوو ژانرەکەوە دەگوێزێتەوە بۆ ژانرێك کە نەبەتەنیا گێرانەوەی بیرەوەرییەکی موجەردو خاڵیە لە بەهونەریبوون و تەکنیکی هونەری، نە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانێکە وەك ژانرێکی هونەریی سەربەخۆ، بەڵکو لە یەککاتدا ئاوێتەیەك لە بیرەوەری و گێڕانەوەی ڕۆمان دەبینێت. چونکە ئەوە ڕەگەزەکانی نێو بیرەوەرییەکەیە کراون بە ڕەگەزی هونەریی ڕۆمان و گێڕانەوەکەی لە فۆرمی بیرەوەرییەوە گۆڕیوە بۆ فۆرمی ڕۆمان.

**١- ٢- ١: گێڕانەوەی ڕووداوەکان**

ڕووداو یەکێکە لەو بنەمایانەی کە گێڕانەوەی بیرەوەری لەسەر بنیات دەنرێت و لە بنەڕەتیشدا ئامانج لە گێڕانەوەی بیرەوەری بریتییە لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە نووسەری بیرەوەری لە مەودا و قۆناغێکی ژیانیدا بینوویەتی، واتا کات و مەودایەکی دیاریکراوە کە خۆی لە چەند ساڵێکدا دەبینێتەوە، یان دەشێ ماوەو مەودای ئەو ساڵانە هێند زۆر بێت کە هەر لەسەرەتای ژیانییەوە بێت تا کۆتاییەکانی تەمەن، لە ڕۆمانیشدا ئامانجی ڕۆماننووس یان بگێڕەوەی ڕۆمان گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە لە ژیانی کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە ڕوودەدەن جا ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی واقیعی بێت یان ڕۆمانێکی خەیاڵی. سەرچاوەی هەڵهێنجانی ڕووداوەکانی ڕۆمان هەندێ جار لەواقیعەوەیە، وەك "ئاشکرایە کە ڕۆمان ئەو ڕەگەزە ئەدەبییەیە کە هاوتەرییە لەگەڵ واقیعی دەرەوەی دەقدا"(قەرەداخی، ٢٠٠٤، ١٨٥). هەندێ جاریش ئەو ڕووداوانە زادەی خەیاڵی خودی نووسەرن، هەندێك جاریش نووسەران ڕووداوێك یاخود چەند ڕووداوێك لەهزری خۆیاندا دروست دەکەن، کە لەواقیعدا بوونی نییەو بیروئەندێشەی خۆیان سەرچاوەی ئەو ڕووداوانەیە و لەنێو دەقەکانیاندا بەهۆی خەیاڵی هونەری خۆیانەوە بەرجەستەی دەکەن. لەو ڕێگەیەشەوە گوزارشت لەو ڕووداوە

نادیارانە دەکەن، کەمرۆڤ لەژیانی ڕاستەقینەدا پەیان پێنابات یاخود بەوردی لێیان ناڕوانێت، بەمەش نووسەران چێژێکی ستاتیکی بەرز بەوجۆرە ڕووداوانە دەبەخشن و خوێنەریش چێژێکی زۆریان لێ وەردەگرێت "دەقی نوێ زیاتر گرنگی بە چەشنە گێڕانەوەیەکی ئاسایی نادات کە خودی دەقنووس بێت وەك تاکێکی هەقایەتخوان سەرجەم دیمەنو ڕووداوەکانی نێو پانتایی دەق بەچەشنە گێڕانەوەیەکی ساکارو سادە بگێڕێتەوە، بەڵکو خودی دەقنووس لەنێو دەقی مۆدێرندا لەڕێگەی چەند ڕەمزو گێڕانەوەیەکی ئاڵۆز سەرجەم دیمەنو ڕووداوەکان دادەڕێژێت، کە جاری وا هەیە پشت بە بەکاربردنی مۆتیڤی ئەفسانەییو سیحری دەبەستێت لەساتی دەربڕینو وێنەکێشانی دیمەنەکان، کە بەزمانێکی ڕەمز ئامێزو سیحراوی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە"(پیرداود، ٢٠١٠، ١٥٢).

لەم بارەیەوە (میشیل بۆتور) ئاماژە بەم جیاوازییەی نێوان ڕووداوی ڕاستەقینەو ڕووداوی نێو ڕۆمان دەکات و دەڵێت: "جیاوازی نێوان ڕووداوەکانی ژیانو ڕووداوی ڕۆمان تەنیا ئەوە نییە، کە ڕووداوەکانی ژیان دەکرێ لێیان بکۆڵدرێتەوەو لە ڕوودانیان بپرسرێن، لەکاتێکدا ڕووداوەکانی ڕۆمان تەنیا لەڕێگەی ئەو دەقەوە کە ئەوان بەرهەم دەهێنێ بەردەست دەبن، تەنانەت ڕووداوەکانی (ڕۆمان)، بەوتەی باو "خۆشترە" لە ڕووداوی ڕاستەقینە. ئەم ڕووداوە خەیاڵیانە بەپێی پێویستێك بەرهەم دێنو کارکردێکیان هەیە. کەسێتی خەیاڵی، بۆشاییەکانی واقیع پڕدەکەنەوەو دەربارەی ئەو بۆشاییانە، ئاگادارمان دەکەنەوە"(بۆتور، ٢٠٠٤، ١١٩). ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو ژانری (بیرەوەری و ڕۆمان) پشت بە گێڕانەوە دەبەستن و دەیکەن بە کەرەستەی گەیاندنی ڕووداوەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوەی دیمەنی ڕووداوەکانی هەردوو ژانرەکە لە ڕووی چۆنیەتی گێڕانەوەوە لە یەکتر جیاوازن.

**١- ٢- ٢: گێڕانەوەی بەسەرهاتی کارەکتەرەکان**

کارەکتەر یان کەسێتی یەکێکە لە ڕەگەزە سێنترالیەکانی هەردوو ژانری بیرەوەری کەسی و ژانری ڕۆمان و ئەوەی کە جیایان دەکاتەوە لەم دوو ژانرەدا ئەوەیە، کە لە گێڕانەوەی بیرەوەریدا کەسێتی نووسەر ژیان و بەسەرهات و ڕووداوەکانی دەوری ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، کە حەتمەیەتی واقیعی ژیانی خودی خۆیەتی و ناتوانێت یان ناکرێت کەسێتییەك بخوڵقێنێت کە لە تایبەتمەندییەکانی واقیعی بوونی داماڵێت، یان خاسیەتی خەیاڵی و کردارو گوفتاری خەیاڵی بداتە پاڵ، بەڵام لە گێڕانەوەی ڕۆماندا کەسێتی و سیمای ڕۆماننووس ئەگەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەپشتی پەردەی شاکەس یان کەسێتییەکانی دیکەوە دەرکەوێت، دەنا ون و نادیارە و خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا هەست بە بیستنی ڕووداوی ژیانی چەند کەسێك دەکات، کە کەم تا زۆر پەیوەندییان بە ڕۆماننووس و نووسەری دەقەکەوە نییە. جگە لەمە لە رۆماندا خوڵقاندنی کەسێتییەکان داهێنراوی خەیاڵی ڕۆماننووسن و خۆی دروستییان دەکات، جاری واش هەیە سوود لە واقیع دەبینێت و کەسێتییەکانی لە واقیعەوە وەردەگرێت، بەڵام لە ئەرك پێدانیان لە رۆمانەکەیدا خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی تێکەڵ بەو کەسانە دەکات و لە واقیعی بوونی خۆیان دایاندەبڕێت و وەك خولقێنراوی تازە دەیانسازێنێ و ڕۆڵیان پێدەدات" کەسەکانی ناو رۆمان هەمان کەسەکانی یاخود مرۆڤەکانی ژیانی واقیعی نین، بەڵکو دروستکراوێکی تازەن" ( عبداللە، ٢٠٠٠، ٦)، بەڵام لە ژیاننامەی خودی و بیرەوەریدا خودی نوسەر کەسێتییەکەیەو دوورە لە خەیاڵ و ئەندێشەوە، لە واقیعدا چۆن ژیاوەو چی بەسەرهاتووە وەک خۆی ئەوە دەگێڕێتەوە، واتە "لە دەقی ژیاننامەی خودیی یان بیرەوەریدا نووسەر ئەو کەسەی کە باسی دەکات خودی (خۆیەتی) و پابەندە بەوەی کەسێتیی خۆی لە بنەمادا چۆنە وەک خۆی وێنەی بکێشێت و لە ڕاستیی ڕووداو و سەربوردەی ژیانی خۆی لا نەدات، ئەمە وادەکات وەک رۆماننووس ئەو ئازادییەی نەبێت چۆنی بوێت بەو جۆرە باسی کەسێتییەکەی ناو دەقەکەی بکات. بەڵام دەتوانێت چۆنیەتیی باسکردن و گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی بەجۆرێک بخاتەڕوو کە سەرنجراکێش بێت و وا لە خوێنەر بکات چێژ لە گێڕانەوەو باسکردنی ژیانەکەی وەرگرێت"( عبداللە، ٢٠١٨، ٨). ئەوەی جێی سەرنجە لە ڕۆمانی زاکیرەی بادا ئەحمەدی مەلا بەوپەڕی ئاگاییەوە بیرەوەری خۆیمان لەو ڕۆژەوە بۆ دەگێڕێتەوە کە لە گوندەکەیانەوە ماڵیان دەگوازنەوە بۆ شاری کەرکوك تا ئەو ساڵەی کە پرۆسەی ئازادی ڕوودەدات و شاری کەرکوك ئازاد دەکرێت، بەڵام لە گێڕانەوەیەکی ئاسایی بیرەوەرییەوە دەیکات بە ڕۆمانێك و تەواوی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمان بەو بیرەوەرییانە دەبەخشێت. بۆیە خوێنەری ڕۆمانەکە بە خوێندنەوەی کۆی ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی ڕوویداوە زۆر بەڕوونی هەست بەوە دەکات کە ئەوە بیرەوەری ئەحمەدی مەلا دەخوێنێتەوە بەڵام لە شێوەی ڕۆماندا.



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**١ -٢ -٣: شوێنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان**

گێڕانەوەی بیرەوەری یان یاداشتنامە یان ڕووداوی ڕۆمان پێویستیان بە شوێن هەیە تا ڕووداوەکانی تێدا ڕووبدەن، هەروەك ئەوەی پێویستییان بە زەمان و کاتی گێڕانەوەوە هەیە، بەڵام چۆنیەتی بەکارهێنانی شوێن لە هەر یەکێك لەو ژانرە جیاوازانە و چۆنیەتی وەسفکردنیان و گرێدانیان بە ڕەگەزی گێڕانەوەوە وەکیەك نین و دەگۆڕێن. لە بیرەوەری و ژیاننامەدا نوسەر تەنها شوێنە واقیعییەکان باس دەکات کە پەیوەستن بە ژیانی خۆیەوە پێویست بەوە ناکات ڕازاندنەوەکاری بۆ شوێنەکان بکات، بەڵکو لە واقیعی ژیاندا چۆنی بینیوون، ڕێك بەو شێوەیە دەیانگوازێتەوە بۆ نێو لاپەڕەکانی نووسین، بەڵام لە ڕۆماندا بە پێچەوانەوە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان پێویستییان بە وەسفکردنی وردو سەرنجڕاکێش هەیە، بۆیە زۆرجار ڕۆماننووس لە ڕێگەی بەکاربردنی زمانی گێڕانەوەو و تەکنیکەکانی وەسفکردنەوە گرنگییەکی زۆر بە شوێنی نێو گێڕانەوەکەی دەدات " ڕۆمان بەتایبەتیو هونەری چیرۆکڤانی بەگشتی، لەڕێگەی وشەوە دووبارە شوێن دەخولڨێنێتەوە، بەشێوەیەکی ئەستاتیکی مەوداکان ڕێك دەخاتەوە، واتە ڕۆمان هونەری شوێنو کاتە، شوێنو کاتیش بەوشە ئاوسن"(عارف، ٢٠١٨، ١٩٦). تەنانەت ئەگەر ئەو شوێنانەی ڕۆماننووس باسیان دەکات شوێنی ڕاستەقینەی بینراویشبن خوێنەر پێیان ئاشناش بێت، چونکە وەك "ئاشکرایە شوێنی ڕۆمان شوێنێکی واژەیی خەیاڵییە، واتا ئەو شوێنەیە کە زمان دروستی کردووە بۆ مەبەستی ئەندێشەی ڕۆمانو پێویستییەکانی، ئەمەش بەستراوەتەوە بەتواناکانی زمان لەسەر دەربڕین"(الفیصل، ٢٠٠٣، ٥٤)، بۆیە شوێن لەڕۆماندا ئەوکاتە پێگەو گرنگی دەردەکەوێت، کە لەڕووی هونەرییەوە تەواو پێگەیشتووبێ و ئەمەش بەوە دەکرێت کە ڕۆماننووس بە پرۆسەیەکی وەسفکردنی وردیاندا ببات تاوەکو دیمەنەکان جوانتر و مانادارتر دەرکەون لە چاوی خوێنەردا. واتا ئەگەر سەرچاوەی شوێنی ڕۆمان شوێنی واقیعیش بێت، ڕۆماننووس بەجۆرێك وێنای بکات، کە دەلالەتی جیاواز و خەسڵەتی هونەری وەربگرێتو جۆرە ستاتیکایەك وەربگرێت، کە خوێنەر چێژێکی زیاتر لە بینینی ئەو شوێنانە وەربگرێت.

**١- ٢- ٤: کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان**

کات ڕەگەزێکی دیکەی دیار و گرنگی نێو دنیای گێڕانەوەکارییەو هەموو ئەو ژانرانەی کە لە هەوڵی گێڕانەوەی چیرۆکێکدان هاوشانی ڕەگەزەکانی دیکە لە کات و سات و مەودایەکی زەمەنیدا دەگێڕدرێنەوە، چونکە لە بنەڕەتدا ڕوودانی هەر ڕووداوێك مەودایەك یان ماوەیەك لە کات دەخایەنێت، جوڵانی هەر کارەکتەر و کەسێتییەکیش چ لەناو ڕووداوەکانی واقیعی ژیاندابێت چ لە ناو دونیای گێڕانەوەکاریدا بێت خاڵی دەسپێك و کۆتایی هەیەو ئەو ماوەیەش یەکسانە بەو کاتەی کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوودawە یان ئەو کاتەی کە کارەکتەرو کەسێتییەکان تێیدا جوڵاون و ئەمەش واتای خستنە ژێر حەتمییەتی ڕووداو و کەسێتییەکانە بە کاتەوە، بەڵام لە گێڕانەوەی بیرەوەریدا ئەو کەسەی دەستدەکات بە گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی خۆی لە خاڵێکی دیاری کراوەوە دەستپێدەکات و هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و تێپەڕینی ساڵەکانی تەمەنیدا بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، ناتوانێت یاری بەکاتی گێڕانەوە بکات لە نێوان دەمەکانی کاتدا، بەڵام بە پێچەوانەوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی رۆماندا ڕۆماننووس بە پێی پێویستی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەتوانێت لەنێوان رابردوو و ئێستاو داهاتوودا بێت و بچێت و یاری بە کات بکات، چونکە سروشتی کاری گێڕانەوەکاریی بەهۆی بەیەکداچوون و تێکەڵ بوونی چەند ڕووداوێك، یان بوونی ژیانی چەندین کارەکتەرێك و ڕۆڵ بینینیان و پەیوەندی ئەو ڕووداو و کارەکتەرانە بە کاتە جیاوازەکانەوە وا دەخوازێت کە ڕیزبەندیی کات تێکشکاو بێت، هەر بۆیە لە دونیای گێڕانەوەی چیرۆکڤانی و ڕۆماندا ئەم ڕیزبەندییە سروشتییەی کات تێکدەشکێت بەتایبەتیش بەهۆی تەکنیکەکانی: گەڕانەوە- فلاشباك و پاش و پێشخستن و ئەمەش وایکردووە ڕۆمان وەك ژانرێکی تایبەتمەندو ئاڵۆز، لەناو پرۆسەیەکی زەمەنی دەستکاریکراودا بخولێتەوە. ئەمەش خاڵێکی جەوهەری و دیاری جیاوازی نێوان کاتی گێڕانەوەی نێوان ڕۆمان و بیرەوەرییە " بە پێچەوانەی ئاڵۆزی سیستەمی گێڕانەوە لە ناو ڕۆماندا، لەوێدایە کە ڕووداوەکان تێکەڵ بوون لە ناو ماوەکانی کاتدا: ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو، وەك سیستەمێکی ڕۆژمێری بە دوای یەکدا نایەن، بەڵکو دابەشبوون بەسەریەکترداو، پاش وپێشخستنی ئەو ماوانە لە ناو رۆماندا دەبینین ئەمەش وامان لێدەکات کە بڵێین: سیستەمی کات لە ڕۆمان، زۆر ناتەریبە لەگەڵ سیستەمی باوی کاتدا، تەنانەت ئەم ناتەریببوونەش وادەکات ڕۆمان جیاکاتەوە لە سەرگوزشتەکان وحکایەتە یەك ئاراستەکان " (ئەحمەد، ٢٠٠٤، ٣٢). ئەمەش گێڕانەوەی ڕۆمان و چیرۆك لە گێڕانەوەیەکی ئاسایی و زانیاری گەیاندنەوە دەگۆڕێت بۆ گێڕانەوەیەکی هونەریی و ئیستاتیکی چێژ بەخش "دیارە ئەمەش بوارێکی فراوان دەڕەخسێنێت بۆ چیرۆکنووس بۆئەوەی توانای ئەوەی هەبێت یاری بە بەشەکانی کات بکاتو پێشو پاشیان بخاتو ڕایان بگرێت، یا پەرەیان پێبداتو لەڕێگای ئەم بەکارهێنانەوەش کە خۆی لە لادانی هێڵە ڕاستیەکەی کاتدا دەنوێنێت گۆڕانکاری زیاتر بەسەر داڕشتنی بینای ڕووداوەکاندا بهێنێتو چەند مەبەستێکی ئیستاتیکی بایەخدار لەکارەکەیدا وەدەست بێنێت" (سابیر، ٢٠٠١ ، ٢٩٢).

sjh@univsul.edu.iq

## ١ -٣ : ئەركەكانی وەسف وەك هۆكارێكی بە ڕۆمانكردنی بیرەوەری

وەسف گوتارێكی چركراوەو پوختە و لە تێروانینی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێت و لەسەر زاری گێڕەڕەوەی ڕۆمان لە بەرانبەر كەسێتییەكان و شوین و شتەكان وێنەدەگرێت. فۆرمێكی گوزارشتكەرە بۆ ناساندنیان و نیشاندانی وێنەیان و خاڵی جیاكردنەوەیانە لەگەڵ بەرانبەرەكانیاندا، هەر بۆیە "وەسف لە ڕۆماندا باسكردنی شتەكان لە خۆی دەگرێت و بەهۆی زمانەوە وێنەیان دەكێشێ، بەڵام بەگوێزانەوەی شێوەو ڕەنگەكان هەڵناستێ وەك ئەوەی چاو دەیانبینێ، بەڵكو بەشێوازێكی هونەریو دەروونی جوانتر ئەم وێنانە نیشانی خوێنەر دەدات"(محبك، ٢٠٠٥، ٣٧) " لە بنچینەدا مەبەست و ئامانجی وەسفكردن دروستكردنی یان پێدانی وێنەیەكی زەینیە بە كاراكتەر و شوێن و شتەكان بە هزرو بیری خوێنەر و ئاشكراكردنی ناسنامەو شێوەو ئەندازەیانە، یان "وەسف گوتارێكە لەناو هەموو ئەو شتانە دەبێت و جیای دەكاتەوە لەوەی كە لەو دەچن یان جیاوازن لێی" (محفوظ، ٢٠٠٩: ١٣). ئەندازەو توانای وێنەگرتنی وەسفكراو چ كاراكتەر بێت و چ شوێن و چ شت و مەك لە لایەن ڕۆماننووسەوە گۆشەنیگاو تێڕوانینی ڕۆماننووس و ئامانج و مەبەستی پشتی وەسفكردنەكە دیاری دەكات و لەو ڕوانگەشەوە كاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی ئاماژەپێدان و نیشاندانی وەسفكراوەكەو ئەو كاریگەرییەش دەگوازریتەوە بۆ نێو زەین و بیری خوێنەر "وەسف شێوازێكی داڕشتنئامێزە، باسی ڕووكاری هەستی و ناهەستی وەسفكراو دەكات و دەیخاتە بەر دیدە، هەڵگری كۆمەڵێك ماناو دەلالاتی سەربەخۆیە لە ناو دەقدا، زانیاری لەسەر بابەت و شت و كاراكتەر و شوێن دەبەخشێ، وەكو تەكنیكێكی كات ڕۆڵی هەیە لە وەستان و خاوكردنەوەی بزاوتی گێڕانەوەدا، هەر بۆیە وەسف ئەركی جیا جیا دەبینێ و بە گوێرەی پەیوەندی نێوان وەسف و وەسفكراو جۆراوجۆرە. دەربڕین و تێكشكاندنە زمانەوانییەكان ڕۆڵێكی سەرەكی دەگێڕن لەوەی وەسف سیحری ئەوەی هەبێت وێنەی وەسفكراو تێپەڕێنێت و وێنەیەكی تر پێشكەش بكات" (عوسمان، ٢٠٠٨: ٢٠).

ژانری گێڕانەوەی بیرەوەری كەسی و ژیاننامە دەروەستی ئەوە نییە گرنگی بە وەسف بدات، چونكە ئامانجی بنەڕەتی و سەرەكی نووسەر هێندەی گەیاندنی زانیارییە لەسەر ڕووداوەكان و ئەو ڕووداوانەی لە ژیانیدا ڕوویانداوە هێندە وەسفكردنی شتەكان نییە، چونكە ئەگەر نووسەر گرنگی بەوەسفكردن بدات ئەوا ڕەوتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەكەی سست دەبێت و مەودای گەیاندنی زانیاری لەسەر جوڵەی ڕووداوەكان كەم دەكات هەروەك ئەوەی لە گێڕانەوەی ڕۆمانیشدا هەروایە " لە گێڕانەوەدا، كردارەكان ئاماژە بە جووڵە دەدەن، بەڵام لە وەسفدا ئاماژە بە حاڵەت دەدرێت، زەمەنی گێڕانەوە لەسەر كردار و ڕووداوەكان دامەزراوە لە هەردوو ڕەهەندی زەمەنی و تراژیدیدا، بەڵام وەسف بۆ دەرخستنی فۆڕمی دەرەكی كەس و شوێن و شتەكانە" (ئەحمەد، ٢٠٠٣، ١٧٨). بەو واتایە دەردەكەوێت وەسف دیوێكی دیكەی كردارەكان وەسف دەكات كە ئەویش دۆخی كردارەكانە نەك جوڵەی كردارەكان. كەواتە لە گێڕانەوەی ڕۆماندا ڕۆماننووس ناچار دەبێت بۆ ناساندنی كەسێتییەكان و شتەكان و شوێنەكان ڕەوتی گێڕانەوە سست بكاتەوە و پەنا بەرێتە بە وەسفكردن ئەمەش لە ڕێگەی كەمكردنەوەی جوڵەو كرداری كارەكتەرەكانەوە ئەنجام دەدرێت لە بەرانبەردا وێنەگرتنی دیمەكان زاڵ دەبن جا وەسفكردنەكە وەسفی ئەركی جوانكاری بێت، یان ئەركی واتایی و چەواشەكارییی، كە هەر یەكەیان بەو شێوەی ناساندومانن ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. وەك ڕوونیشە "ئەركی جوانكاری" وەسف زیاتر بۆ پێدانی ئیستاتیكایەكی جوانترە بۆ وشەو ڕستەكان و ئەركی وێنەگرتنی ڕوخساری كەسێتییەكانو شوێنو شتومەكەكانە. ئەم ئەركەی وەسف زیاتر لەڕۆمانی كۆندا بەكارهاتووە " ئەم جۆرەی ئەركی وەسف زیاتر خۆی لە دروستكردن و بەرجەستەكردنی دیكۆری شتەكان و چوارچێوەی ڕووداوەكان و وێناكردنی شێوەو ڕووخساری فیزیكی كاراكتەرو پاڵەوانەكان دەدات و مەبەستی سەرەكی و بنەڕەتی ئەم ئەركەی وەسف تێركردنی پێداویستیی ستاتیكییە لای خوێنەر لەبەر ئەوەی زیاتر بایەخ بە جوانكاری وشەو ڕستەكان دەدات" (عثمان، ١٩٩٩، ٩٥). لە بەرانبەردا بۆ گوزارشتكردن لە ناخ و باری دەروونی كارەكتەرەكان، ئەركی واتایی ڕۆڵ دەبینێ "ئەركی واتایی" وەسفیش زیاتر گرێدراوی ڕەهەندی دەروونی بارودۆخی كۆمەڵایەتی كارەكتەرەكانی نێو دونیای گێڕانەوەیە و لە هەوڵی دەرخستن و وێنەگرتنی ئەو فاكتەرە كاریگەرانەیە كە دەبن بە هۆكاری گۆڕانی گوفتار و ڕەفتار و هەڵسوكەوتی كارەكتەرەكان و پێدانی دەلالەتی واتایی زیاترە بە دیمەنی شوینەكان و شتومەكەكانی دونیای ڕۆمان "ئەم ئەركەی وەسف بایەخ بە ڕەهەندی دەروونی و كۆمەڵایەتی كاراكتەر دەدات و ئامانجی وێناكردنی كاراكتەری ناو ڕۆمان و دەرخستنی كردارەكانی و دیاریكردنی هۆكارەكانی ڕەفتار و كردارەكانییەتی، ئەمەش لە ڕێگەی وەسفكردنی ژینگەی كاراكتەر و ئەو پێكهاتەو شتانەی كە باگراوندییان بۆ دروستكردووە" (فضل، ١٩٩٧، ٤٤٠)، واتا ئەم ئەركە زیاتر ئەركێكی ناوەكییە، كە ئامانجو مەبەستی ئەم ئەركەی وەسف واتا دانانو ڕاڤەكردنە بەو باگراوندە دەروونیو كۆمەڵایەتییەی كارەكتەر، كە لەكردارو ڕەفتارەكانیدا ڕەنگ دەدەنەوە "ئەو ئەركەیە كە هەڵدەستێ بە ئاشكراكردنی جیهانی دەروونی كەسێتییەكان وئاماژە بە ئاكارو سروشتییان دەكات. بەمەش وەسف بووە ڕەگەزێك كە دەلالەتی تایبەتی بەهای جوانكاری خۆی بە دەستهێناوە"(قاسم، ٢٠١٨ ، ١١١)

. هاوشانی ئەم ئەرکەی وەسف ئەرکی چەواشەکاریش لە وەسفکردنی کارەکتەرەکان هەندێ دیمەن و پارچەکان بەکار دەبرێ "ئەرکی چەواشەکاری"یش ئەو جۆرە ئەرکەیە، زۆرجار لەگەڵ ئەرکی واتایی لە دیمەن و پارچە وەسفییەکاندا تێکەڵی یەکتر دەبن و بەیەکەوە ئەرکی وەسفکردنی کاراکتەرەکان دەگرنە ئەستۆ بەتایبەتی لە رۆمانی ریالیزمیدا و ئامانجیش تیایدا بەهەڵەبردنی خوێنەرە بەوەی ئەو جیهانەی دەیخوێنێتەوە جیهانێکی ریالیستی راستەقینەیە، واتا "رۆماننووس بەجۆرێك خوێنەر ئاوێزانی جیهانی رۆمانەکەی دەکات و وای نیشاندەدات کە ئەو رووداو و کاراکتەرانەی ئەو وەسفیان دەکات رووداوو کاراکتەری راستەقینەن"(یوسف، ١٩٩٧، ٩٦)، چونکە لە بنەڕەتدا لە گواستنەوەی دیمەنە وەسفکراوەکانی نێو ڕۆماندا. ئەم ئەرکەش جۆرێك لە ئیستاتیکای هونەریی گێڕانەوە لە دونیای ڕۆمان بەرجەستە دەکات، بەجۆرێك کە لە بینینی خوێنەرەوە دیمەنەکان جوانتر خۆیان دەنوێنن.

**بەشی دووەم: گێڕانەوەی بیرەوەری نووسەر لە پێکهاتەی ڕۆمانەکەدا**

**٢ - ١: گێڕانەوەی ڕووداوەکان**

گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی زاکیرەی با لە فۆرمی گێڕانەوەیەکی ئاسایی یان گێڕانەوەی بیرەوەری ئاسایی تێپەڕیوەو کراوە بە شێوە گێڕانەوەیەکی هونەری و لە شێوەی دەقی ڕۆماندا خۆی دەنوێنێت، بە بەڵگەی ئەوەی نووسەر لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا نەینووسیوە " بیرەوەری " بەڵکو نووسیویەتی " ڕۆمان " ئەمە جگە لەوەی ناوی کتێبەکەی ناو ناوە " زاکیرەی با " کە ناونیشانێکی هونەری جوانە و تەواو وەك ناونیشانێکی هونەریی ڕۆمان خۆی دەنوێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەی زاکیرە خوێنەر دەباتەوە سەربابەتی بیرەوەری و یاداشتنامە. ئەحمەدی مەلا لەم ڕۆمانەدا هەوڵی گێڕانەوەی بیرەوەری سەردەمێکی تەمەنی خۆی دەدات کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٩٦٥ تاوەکو ١٩٩٢)، واتا گێڕانەوەی بیرەوەری قۆناغی سەردەمی منداڵی و سەرەتاکانی گواستنەوەی ماڵەکەیان لە گوندی "زەردك"ی کەرکوك بۆ نێو شاری "کەرکوك" و چوونە قوتابخانەیە لەم شارەدا و گێڕانەوەی بیرەوەری و بیرکردنەوەو تێڕامانی ئەو قۆناغە سەرەتاییەی ژیانە بە کاتی ئێستا. هەروەکو ئەوەی لە سەرەتای گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی لەم شێوە هونەرییەدا باس لە چرکەساتی گواستنەوەی ماڵەکەیان دەکات بۆ نێو شاری کەرکوك و دەڵێت: "ئەو کات، بۆ منداڵێکی غەریبی وەکو من نەدەکرا پرسیاری وا لە خۆم بکەم: بۆچی باوکم گوندی جێهێشت؟! وا بیست و هەشت ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕی، دوای ئەو هەموو دابڕانە، سەیری هەمان دوکان و هەمان بازاڕ دەکەم و وا هەست دەکەم گشت ئەو ماوەیە تەنها ماوەی سەرخەو شکاندنێکی کورتی عەسرانە، سەرخەوی کورتی عەسرانیش پڕی لە خەونی سەیر و سەمەرەیە. بەیانییەك بوو، پیکەپێکی شین لەبەر دەرگای حەوشەمان ڕایگرتبوو، هەندەی نەبرد لەسەر پشتی ساردی قەڵای کەرکوك ئێمەی داناو ڕۆیی. دوای بیست و هەشت ساڵ ڕەنگی قوماش و بۆنی دوکەڵ و هەمان بۆن و بەرامە بە بەر لوتما تێدەپەڕی ...هەمووو شتێك وەکو خۆیەتی" (مەلا، ٢٠١٢، ١٨). لەم دیمەنەی گێڕانەوەدا نووسەر ئاماژە بە ڕووداوی گواستنەوەی ماڵەکەیان دەکات بۆ نێو شار، بەڵام ئەم دیمەنی ماڵ گواستنەوەیە تێکەڵ بە هارمۆنیایەکی گێڕانەوەیی لە شێوەی ڕۆمان کراوە و خوێنەر بە ئاسانی هەست بەوە دەکات کە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکە خراوەتە چوارچێوەی گێڕانەوەی ژانری ڕۆمانەوە و ئەرکی وەسفکردنی دیمەنی گواستنەوەکەش ئەرکێکی واتایی لێ بارکراوە، چونکە چۆنیەتی گواستنەوەکە وەك ماڵ گواستنەوەیەکی ئاسایی خۆی بەدەستەوە نادات. لە دیمەنێکی دیکەدا ئاماژە بە تەمەنی ئەو کاتەی دەکات و دەڵێت: "ڕەنگە بینینی سەرجەم ئەو شتانەش کاریگەری ئەوەی لەسەربێت کە ئەو کاتە من تەمەنم تەنها حەوت ساڵ دەبوو، بە جۆرە بەرائەتێکی نەویستەوە دونیام دەخوێندەوە" (مەلا، ٢٠١٢، ٢٦). هەروەك ئەوەی گێڕانەوەی بیرەوەری پێویستی بە شێوە گێڕانەوەیەکی واقیعی و ئاسایی هەیە نووسەر لە دەربڕین و داڕشتنی هەندێك لە دیمەنەکاندا بەهەمان هەناسەوە دەنووسێت بۆنموونە، لەم دیمەندا کە باس لە ئاوو هەوای گوندەکەیان دەکات و دەڵێت: "ئاو و هەوای زەردك لە هی کەرکوك جیاواز بوو. زۆریش جیاواز بوو. کاتێکیش باس لە ئاو و هەوا دەکەین مەبەستمان زۆر شتە" (مەلا، ٢٠١٢، ٣٠). خوێنەر هەست دەکات ئەو دەربڕینانە تەنها دەربڕینێکی ئاسایی گێڕانەوەی بیرەوەریین و هیچیتر تەنانەت ئەرکی وەسفیش تیایدا نادیارە، کەچی دوای ئەوە بۆ ئەوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە بیرەوەری ئاساییەوە بکات بە گێڕانەوەیەکی هونەریی سیمای گێڕانەوەی ڕۆمان بدات بە گێڕانەوەکەی دەڵێت: "ئێستاش دوای بیست و هەشت ساڵ وا بەسەر نەردەوانەکاندا سەردەکەوم و بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە. لەخوارەوە سەیری سەرەوە دەکەم، لەخوارەوە تێیدەڕوانم، سەیری دیوارەکان دەکەم، هەروەکو جاران لە هەندێ شوێن تەڕەشوع شێواندویەتی، شێ، ڕەنگی گەچەکەی بەتۆنی جیاواز دابەشکردووە. لە هەندێ جێگا گەچەکە خوساوەو بەردە قاوەیی و سپییەکان دەرکەوتوون. بەردە ڕەقەکانی شاری کەرکوك. لە هەندێ شوێنی دیکەش، منداڵان هێڵی تێکشکاویان کێشاوە، بەتەباشیر و بەرد و خەڵووز و پارچە کەرپوچی دەم تیژ، وێنەو ڕوخساری تەواو نەبوو دەبینین. هەندێ پیت بە خەتی جیاواز، وێنەی خانوویەك و ژمارەی یەك و سفر و دوو هێڵی هاوتەریب و دارخورمایەك و تۆپەڵە

ڕەشاییەك لە لایەك، دوو تۆپەڵە قاوەییش لە لایەکی دی، تابلۆی تەجریدین بە حەجمی واقیعی..." (مەلا، ۱۰۱۲، ۳۱). ئەم شێوە گێڕانەوەیەش گێڕانەوەیە لە فۆرمی ڕۆماندا، چونکە بینینەوەی هەمان شوێنی سەردەمی ژیانی نووسەرەو تێڕامان و وردبوونەوەیە بۆ ڕابردوو بۆ بیست و هەشت ساڵ لەمەوبەر بە چاوی بینینی ئێستا و لە لایەکی دیکەوە وەسف ڕۆڵی لە گێڕانەوەکەدا گێڕاوە، بەڵام جۆری وەسفکردنەکە وەسفی جوانکارییە دوور لە وەسفی واتایی یان چەواشەکاری، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر بەڕوونی هەست بەوە دەکات کە نووسەر ئەوە بیرەوەرییە دەیگێڕێتەوە، بەڵام بەشێوەی گێڕانەوەیەك کە خۆی لە گێڕانەوەی ڕۆماندا دەنوێنێت بەتایبەتیش چۆنیەتی گێڕانەوەکەو چۆنیەتی وەسفکردنی دیوارەکە پێکهاتەکانی دیوارەکەو ئەو ئیقاعە هونەرییەی کە بەڕیزکردنی وشەو دەستەواژەکانی دەربڕین دراوە.

ئەحمەدی مەلا لە پێشەکی ڕۆمانەکەیدا بە شێوەیەکی زۆر کورت ئاماژە بە کات و ساتی نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانەی دەکات دوای ئەوەی کە شەڕی دووەمی کەنداو ڕوودەدات و لەم بارەیەوە دەڵێت: "ساڵی سێیەمم بوو لە فەرەنسا کاتێك شەڕی دووەمی کەنداو دەستی پێکرد؛ یانزە ساڵ بوو کەرکوکم جێهێشتبوو، لە هاوینی ۱۹۹۲ بۆ یەکەم جار کە گەڕامەوە وڵات، بە قاچاغ گەڕامەوە کەرکوك و پێنج ڕۆژ تیای مامەوە. دوای ئەوەی گەڕامەوە فەرەنسا، چەند مانگێك بەسەر ئەو سەفەرەدا تێپەڕی، لە پۆلی سێیەمی زانکۆ بووم کاتێك دەستم بە نووسینەوەی ئەم چەند لاپەڕانەکرد و پاش حەوت ساڵ، لە ئیسپانیا، جارێکی دی سەر لەنوێ نووسیمەوە" (مەلا، ۱۰۱۲، ۷). لە ڕاستیدا وەك دەردەکەوێت نووسەر نەیویستووە گێڕانەوەی ئەو لاپەڕانە لە شێوەی نووسینەوەی بیرەوەریدا داڕێژێت، بەڵکو خستوویەتیە شێوەو فۆرمی گێڕانەوەی ژانری ڕۆمانەوە، چونکە بیرەوەرییەکانی لە واقیعی بوونی خۆیانەوە تێکەڵ و ئاوێزانی خەیاڵ کردووەو لە هەندێ دیمەنی گێڕانەوەدا خەیاڵ تەواو بەسەر واقیعی گێڕانەوەکەدا زاڵە و ئەمەش وەك زەرورەتی داڕشتنی هونەری ڕۆمان زەروزەتێکی هونەرییە "ڕۆماننووس ئەگەر ڕووداوێکی تایبەتی ژیانی خۆی یان ژیانی کەسیکی تایبەتیش بکات بە سەرچاوەی ئیلهامبەخشی ڕۆمانەکەی، نایەت ئەو ڕووداوە یان ژیانە تایبەتیە موو بە موو بەرجەستە بکاتەوە. بەڵکو ڕۆماننووس، بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەرچییەك دەبینێ، دەیبیستێ و دەیخوێنێتەوە، لەباری روحی و زەینییەوە هەرسی دەکات و دەبێ بەبەشێکی لەجیابوونەوە نەهاتوو لە بوونی مەعنەوی ئەو و لە یادگەیدا عەمبار دەبێ، ئیدی خەیاڵی داهێنەرانە بەدەم ئەفراندنی هونەرییەوە، خۆ بەخۆو بەپێی پێویستی خۆی شتی لێ هەڵدەگوێزێ، یانی ئەوەی لە یادگەی ڕۆماننوسدا دەمێنێتەوەو لە داهێنانی ڕۆماندا بەکاری دێت، بریتییە لە کۆمەڵێك دیمەن و بیرۆکەو ڕووداو و ساتێن پچڕ پچڕی ژیانی ئاسایی و ژیانی ئەدەبی و هونەریی، کە لە ڕوحیا هەرس دەبن، دەبن بە بەشێك لە بوونی مەعنەوی ئەو و دەبن بەهەوێن و خۆراکی ڕۆمانەکەی"(عارف، ۲۰۱۸، ۱۱٤)، ئەگەرچی ئەحمەدی مەلا خۆی ئەوە ئاشکرا ناکات کە گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانە لە چ جۆرە فۆرم و شێوەیەکدا دەگێڕێتەوە، بەڵام خوێنەر هەست بەوە دەکات کە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی ئەو قۆناغەی تەمەنی نووسەر لە شێوەو فۆرمی گێڕانەوەیەکی ئاسایی زیاترەو سیما و خەسڵەتی هونەرییانەی ڕۆمان و جواناسییانەی بەگێڕانەوەکە بەخشیوە "هەنگاوم دەنا. بەخۆمم دەوت هەی ئاخر شەڕ بگەڕێوە فەڕەنسا، چ دەکەیت لەو قەبرستانە گەورەیە؟، گەڕامەوە دواوە، بەکوێدا هاتبووم، هەر بەوێدا گەڕامەوە، لە ڕێگا بیرم لە نووسینی ئەو بیرەوەرییانە دەکردەوە، بەڵام نەمدەزانی بیخەمە چ فۆرمێکەوە و چ شکڵێکیان بدەمێ، هەروەها گاڵتەم بە عەقڵی خۆمیش دەهات. فۆرم و مۆرمی چی؟ هەموویان وەکو خۆیان چۆنن، ئەوها دەیاننووسمەوە. هەر بەردەو لە شوێن خۆی دادەنێمەوە. ئا ئەمەیە کاری من. ئەم بوومەلەرزەیە دەنووسمەوە کە ئەم شارەی هەژاندووە. باس لە حاڵەتی هەڵتەکاو دەکەم. باس لە جەستەیەکی شیرازە تێکچوو دەکەم. نەخشەی شێواوی جەستە ڕەسم دەکەم. لە کۆتاییدا باس لە ڕووخساری خۆم دەکەم" (مەلا، ۱۰۱۲، ۱۱۹)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە پێشەکی نووسینەکەدا لە باسی دووبارە چاپکردنەوەی ڕۆمانەکەیدا پێداگری خۆی لە سەر چەمکی گێڕانەوە دەخاتەڕوو کە وەك دەردەکەوێت مەبەستی گێڕانەوەیە لە شێوە ژانری چیرۆك و ڕۆماندا و دەڵێت: "دوای تێپەڕینی دەساڵ بەسەر نووسینی ئەو دەقەدا، لەسەر داوای چەندین هاوڕێ بۆ ئەوەی " زاکیرەی با"، سەر لەنوێ لە چاپبدرێتەوە، بەباشم زانی سەر لەنوێ بیخوێنمەوە، بۆیە لە کاتی خوێندنەوەیدا، داڕشتنێکی نوێ، بە پێی پێویست خۆی دەسەپاند. هیچ گۆڕانکاریەکی بنەمایی بەسەر هەیکەلی دەقەکەدا نەهاتووە، بەڵکو لە داڕشتنی هەندێ دەستەواژەو هەندێ ڕستەو لە هەندێ شوێنیش بەباش دەزانرا پێداگربم لەسەر چەمکی گێڕانەوە. بۆیە ئامرازەکانی پەیوەست لە هەندێ شوێن گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە و هەندێجاریش بۆی زیاد کراوە لە پێناو وبەستنەوەو مەحکەمکردنی پەیوەندی نێوان پەڕەگرافەکان" (مەلا، ۱۰۱۲، ۸). لەم پێشەکیەدا دوو چەمك دەبینرێت کە بەڵگەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی نووسەرن لە فۆرمی هونەریدا ئەوانیش هەردوو چەمکی "دەق و گێڕانەوە"ن، وەك ڕوونیشە کاتێك بە نووسینێك دەوترێت دەق کە سیماو خەسڵەتی هونەریی بەو نووسینە بدرێت تا چێژێکی هونەریی بە نووسینەکە ببەخشێت و لە لایەکی دیکەشەوە پێداگری لەسەر گێڕانەوە بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر بەخشینی سیماو خەسڵەتی گێڕانەوەی هونەریی بەو بیرەوریيانە.

sjh@univsul.edu.iq

### ٢ ـ ٢: گێڕانەوەی بەسەرهاتی کارەکتەرەکان

کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی زاکیرەی با خودی نووسەری ڕۆمانەکەیە، واتا ئەحمەدی مەلا خۆیەتی و لە هەوڵی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیدایە، وەك ڕوونیشە هەروەکو چۆن لە گێڕانەوەی ژیاننامەی قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان نووسەری بیرەوەری بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك دەئاخڤێت ئەمەش وا دەکات هەم خۆی گێڕەرەوەی ڕووداوەکانی ئەو کاتەی ژیانی بێت و هەم وەك بکەرێکی ڤەگێر دەرکەوێت و سیماو خەسڵەتی کەسێتی سەرەکی تایبەت بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان وەرگرێت. لە گێڕانەوەی ئەو بیرەوریيانەشدا لە فۆرمی ڕۆمان ئەگەر بیرەوەرییەکە بیرەوەری خودیی نووسەر بێت ئەوا هەر نووسەری بیرەوەرییەکە دەبێتەوە بە کاراکتەری سەرەکی نێو ڕووداوەکان و لەم حاڵەتەشدا بەهەمان شێوەی گێڕەرەوەی بیرەوەری بەزمانی کەسی یەکەمی تاك و بەڕاناوی "م"ی کەسی یەکەمی تاك دەدوێت. لە ڕۆمانی زاکیرەی باشدا ئەمە بەڕوونی دەبینرێت هەروەکو ئەوەی بگێڕەوەی ڕۆمان لە دوای گەڕانەوەی لە وڵاتی فەڕەنساوە بۆ شاری کەرکوك دەڵێت: "دوای بیست و هەشت ساڵ ، وەکو ئەوەی بچمە حەرەمی مزگەوتێکەوە، بە هێمنی بە بازاڕی جووتقاوەدا تێدەپەڕیم و سەرجەم شتەکانی ئەو کاتەم تیا بووژایەوە. بەتەواوی نغرۆی ئەو کاتە بووم کە لەدوای فڕینی قەتێیەکەم، لە ماڵ خۆمان دەگەڕام. زۆر شت وەکو خۆی مابوونەوە. سەیری دوکان و بازاڕم دەکرد و ئەو ئەتمۆسفیرە سەیرەم دەقۆزتەوەو بەرەو پەیژەکانی قەڵا دەڕۆیشتم. ئەو پێیلیکانانەی بێ سێ و دوو دەیبردمە بەرامبەر قوتابخانەی ئەلمحەمەدییە. پایز بوو لەسەر رەحلەی پۆلی دووی سەرەتایی دانیشتم. هەستم دەکرد تاقە قوتابی کورد بووم لە پۆلەکە. ئەمجارەیان ونبوونێکی تر بوو قوڵتر تووشی یەکەم سەدمەی کردم. سەدمە بەرامبەر هێمای ئاڵوگۆڕکردن. خەرەندێکی سروشتی منی لە پۆل جیا دەکردەوە. ڕۆژی یەکەم بەتەواوی خۆی بۆ ئیعلان کردم. شەرواڵێکی بۆری خەت خەت و کراسێکی خاکی و جووتێ پێڵاوی لاستیك نازانم کەی کڕابوون؛ پۆشاکی من بوون. گشت منداڵە چەتوونەکان کە ژمارەیان کەم نەبوون لەم پێشانگایە کۆبوونەوە. چۆن دەبێت منداڵێك بە شەرواڵ و جلوبەرگی کوردییەوە بێت بۆ قوتابخانە؟! منیش دەستم بە گریان کردو قوتابخانەم جێهێشت و گەڕامەوە بۆ ماڵ. بۆ ڕۆژی دواتر باوکم دەچێتە قۆتابخانەو لەم کێشەیەی کۆڵیبووەوە" (مەلا، ١٠١٢، ٢٢). گێڕانەوەی ئەو سەرەتایەی ڕووداوەکان و چرکەساتی گەیشتنی شاکەسی ڕۆمانەکە و ماڵەکەیان بۆ شاری کەرکوك و، هەڵفڕینی قەتێیەکەی و، چوونی بۆ قوتابخانەکەو، جۆری جل و بەرگ و، مامەڵەی هاوپۆلەکانی لەگەڵیدا و، جێهیشتنی قوتابخانە، هەمووی لەسەر زاری بگێڕەوەی ڕۆمانەکە و بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاك گێردراوەتەوە کە هەم نیشانەو بەڵگەی گێرانەوەی بیرەوەریی نووسەرە و هەم پێدانی شێوە گێرانەوەیەکی ژانری ڕۆمانە بە بەڵگەی ئەو جۆرە وەسفکردنە خودییەی گێڕەرەوە داویەتییە پاڵ گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژە کە جۆرە وەسفکردنێکی واتایین، چونکە هەم لە باری دەروونی ئەو سەردەم و زەمانەی خۆی دەدوێت و هەم لە باری ئاکار و کرداری خۆیەوە. دوای ئەو دیمەنە بگێڕەوەی ڕووداوەکان بەهەمان شێوە گێڕانەوە ئەمجارەیان باس لە چرکە ساتی بینینەوەی ئەو دیمەنانەی شاری کەرکوك و گەڕەکەکەیان دەکات و سەرەتاو کۆتایی دیمەنی گێڕانەوەکە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك دەگێڕێتەوە و دەڵێت: " ئاوڕی دواوەم دەدا، بیست و هەشت ساڵم دەبینی کە منی لەو شوێنە جیا دەکردەوە، بەڵام پەیژەکان هەر پەیژەکانی جارانن،...دوو منداڵی سەرتاشراوی کەمێ حەپەساو بەرامبەرم دێن. خەیاڵم بۆ دوو منداڵەکەی پێش بیست و هەشت ساڵ ڕادەکێشێت، هەر بەوان دەچوون. وەکو ئەوەی ئەو دوو منداڵە بن و گەورە نەبووبێتن. پیرێژنێك چرچولۆچ هێلانەی لە دەور چاوی دروست کردبوو، فۆتەیەکی سپی وەك چۆڕی شیری لەسەر بوو. نێوچەوانیشی پرساری ئاڕاستەی هەموو کەسێك دەکرد کە بیبینایە، پیرەمێردێکی گۆپاڵ لە دەست، ئاودیوی تاقە تاریکەکە بوو، یەکێکی دی، لەناو تاریکاییەکەوە لە دایك دەبوو هێدی هێدی ڕۆشنایی پەیدای کردوو بە تەنیشتما تێدەپەڕێت. سەردەکەوم و من لە نێوان ئێستاو ڕابردوودام" (مەلا، ١٠١٢، ٣٣). گێڕەرەوەی ڕووداوەکان بۆ ئەوەی گێڕانەوەکەی لە قاڵب و چوارچێوەی بیرەوەرییەوە بخاتە چوارچێوەی گێڕانەوەیەکی هونەریی و فۆرمی ڕۆمان وەرگرێت ئەرکی جوانکاریی وەسف جێدێڵێت و ئەمجارەیان ئەرکێکی واتایی بە دیمەنی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی دەبەخشێت، کە ئەمەش لە گێڕانەوەی بیرەوەریدا نەگونجاوە، چونکە گێڕانەوەی بیرەوەری پێویستی بە پاراستنی واقیعیەتی گێڕانەوەیە، بەڵام کاتێك گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانە دەخرێتە قاڵب و چوارچێوەی فۆرمی ژانرێکی وەك و چیرۆك و ڕۆمانەوە ئەو کاتە لە وەسفی هەندێك لە دیمەن و ڕووداوەکاندا وەسفی واتایی بە دیمەن و پێکهاتەکانی دەبەخشرێت، هەروەکو بگێڕەوە لە وەسفکردنی ئەو دیمەنەدا دەڵێت: "تەنها دوو ڕۆژە هاتوومەتەوە ئەم شارە، بەڵام دوو سەدە بەرۆکم دەگرن. کات وەکو خۆرە شی دەبێتەوە، دەئاوسێ، دەکشێ، وەك نەمامێکی بەهاریش پەلو پۆ دەهاوێژێت، لە کۆتاییشدا دەبێتە هەڵم و ئاسۆ داگیر دەکات. کاتێکیش سەیری ناو لەپم دەکەم، لە ئاوێنە سەیری بەژن و قووڵایی چاوەکانم دەکەم، ئەوەم لەبیر دەچێتەوە کە تەمەنم تەنها سی و پێنچساڵە، تەنها سی و پێنچساڵ ژیاوم. ڕاستە کات هەمیشە هەر بە ساڵ و مانگ و ڕۆژ ناپێورێت، پێوەری ڕاستەقینەی کات هەندێجار چرکەیەکە باوەش بە ئەبەدییەتدا دەدات" (مەلا، ١٠١٢، ٦٩). کەواتە نووسەر بۆ ئەوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو قۆناغەی ژیانی لە

گێڕانەوەی بیرەوەری و ژیاننامەی ئاساییەوە بگوڕێت بۆ گێڕانەوەیەکی هونەریی ناچارە بەجۆرێك وەسفی هەندێك لەو دیمەن و بەسەرهاتانە بکات کە بەشێوەیەك لە وەسفی ئاسایی بەدوور بن تاوەکو جۆرە وەسفکردنێکی واتاییان پێوە دیار بێت.

**٢ ـ ٣ : گێڕانەوەی شوێنی ڕووداوەکان**

وەك ڕوونە لە گێڕانەوەی بیرەوەری خودیدا نووسەر وابەستەیە بە باسکردنی ئەو شوێنانەی کە بە شێوەیەکی واقیعی لە ژیانی ئاسایی خۆیدا بینوویەتی و ڕووداوەکانی ژیانی تیایدا ڕوویداوە و لە گێڕانەوەشیاندا، چونکە شوێنەکان واقیعین بۆ ئەوەی ڕاستی گێڕانەوەو باسکردنی شوێنە بینراوەکان دووچاری شێوان نەکاتەوەو خوێنەر چەواشە نەکات ناچارە وەکو خۆیان وێنەیان بگوازێتەوە نێو گێڕانەوەکەی بەبێ دەستکاریکردنی دیمەنەکان تەنانەت ئەگەر وەسفی هەندێك لە دیمەنەکانی ئەو شوێنانەش بکات لە وەسفکردنێکی ئاسایی تێپەڕ ناکات و وەکو خۆیان دەیانگوازێتەوە، ئەم حاڵەتەی وەسفکردنیش ناچێتە چوارچێوەی وەسفی جوانکاریی بۆ جۆرەکانی دیکەی وەسف وەکو وەسفی واتایی و چەواشەکاری ناپەڕنەوە، بەڵام لە گێڕانەوەی بیرەوەری لە فۆرمی ژانرەکانی وەکو ژانری چیرۆك و ڕۆماندا بگێڕەوەی ڕووداوەکان لە وێنەگرتنی دیمەنی شوێنەکان پەنا دەباتە بەر وەسفکردنیان جا چ وەسفی جوانکاریی بێت چ وەسفی واتایی و تەنانەت وەسفی چەواشەکاریش. لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەشدا بەحوکمی ئەوەی شوێنی ڕووداوەکان بریتین لە دیمەنەکانی ناو شاری کەرکوك و هەندێ لە گەڕەکەکانی ناو ئەو شارە و خوێنەر پێیان ئاشنایەو دەیانناسێت بگێڕەوە لە ناوهێنانی ئەو شوێنانەدا وەکو خۆی ناویان دەهێنێت، چونکە لە گێڕانەوەی بیرەوەریدا نووسەر ناچارە پەیوەست بێت بە پارێزگاریکردن لە واقیعیەتی شوێنەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی نووسەر گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانەی لە شێوە گێڕانەوەیەکی ئاسایی گێڕانەوەی بیرەوەریدا کردووە بە گێڕانەوە لە شێوەی فۆرمی ڕۆماندا، بۆیە لەنیشاندان و وێنەگرتنی شوێنەکاندا سەرەڕای پارێزگاریکردن لە واقیعیەتی ئەو شوێنانە لە هەندێ دیمەندا یەکێك لە ئەرکەکانی وەسفکردنی بەسەر شوێنەکاندا سەپاندووە هەروەکو لەم دیمەنەو لە وەسفی ئەو شوێنانەدا دەڵێت: "ئەم چیرۆکە کورتەی منداڵیم بەسەر دەکردەوەو بەدەم ڕێوەش گەڕەکی ئیمام عەباسم بڕیبوو و گەیشتبوومە ناو بازاڕی زێڕینگرەکان. من و ئەو چیرۆکە دەیان ساڵ کەوتبووە نێوانمان، بەڵام بۆنی یاپراغێکی بەهارانە لووتی دەتووزاندمەوە. بەسەر کاشیە گێڕ و گەواڵەکاندا دەڕۆیشتم تا گەیشتمە سەر شەقامی جمهووری. گەڕەکی شەریکەم بەتەواوی لەدووی خۆم جێهێشتبوو، ماڵیش تەنها دەرگایەکی داخراو بوو هیچی تر. سبەی دەبێت بچمە گەڕەکی بەگەکان، واتە گەڕەکی بەگلەر، گەڕەکی بەگلەرو مزگەوتی پاسوانزادە، کورتکراوەی بەسەرهاتەکانی ساڵانی ١٩٥٩یە، لەوێ لەبەر سێبەرە کۆبووەوەکان، پرسیار لە لقە دار خورمایەك دەکەم کە ساڵانێك ببوون بە مۆڵگەی خەونەکانی من، ڕەنگە بەس ئەو سۆراغێکی لابێت، سۆراغی شتە لەبیر چووەکان!" (مەلا، ٢٠١٢، ٩٨).
لەو دیمەندا سەرەتای گێڕانەوەکە بە حوکمی گەڕانەوەی گێڕەرەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی و بەسەرکردنەوەی تەمەنی منداڵی نیشانەی گێڕانەوەی بیرەوەری لە فۆرمی ڕۆماندا نیشاندەدات، بەڵام دواتر ناوهێنانی هەندێ لەشوێنەکانی ناو شاری کەرکوك وەکو گەڕەکەکانی ئیمام عەباس و بازاڕی زێڕینگەرەکان و شەقامی جمهوری و گەڕەکی شەریکەو گەڕەکی بەگلەرەکان و مزگەوتی پاسوانزادە وەکو ئەوەی کە لە ڕابردوو ئێستادا هەن و لە ناوهێنانیاندا بەتەواوی خەسڵەتی گێڕانەوەیەکی ڕۆمانیان پێ دەبەخشێت بە تایبەتی بابەتی پرسیارکردن لە لقی دارخورمایەك و بوونی بە مۆڵگەی خەونەکانی بگێڕەوەو سۆراغی شت و یادگارییە لەبیرچووەکان بەمەبەستی بیرهاتنەوەو گێڕانەوەیان، ئەمەش مەگەر تەنها لە فۆرمی گێڕانەوەی ژانرێکی وەکو چیرۆك و ڕۆماندا جێگەیان بێتەوە دەنا بەکارخستنی خەیاڵ بەو شێوەیە لە هونەری گێڕانەوەی بیرەوەریدا جێگەی نابێتەوە. "ڕۆماننووس، کە وەسفی یان باسی شوێنەکانی ڕۆمانەکەی دەکات، ئەوا بێ گومان بە شوێنی سەردەمی منداڵیی خۆی یان هەر شوێنێکی تۆمارکراوی مێشکی کاریگەری دەبێت و دێتەوە بەرچاوی و لە نووسیندا لەناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیدا دووبارە دەبنەوە" (ڕەشید، ٢٠٠٧، ٤٨).

گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوك وەك گەڕەکێکی دێرینی کوردنشین وێستگەیەکی دیاری گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی مەلایە لە نێو ڕۆمانەکەیدا و نووسەر بە درێژایی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی لە نێو ڕۆمانەکەدا باسی لێوە دەکات، بەڵام ئەوەی جیاوازی دەخاتە نێوان باسکردنی ئەم گەڕەکە وەك شوێنێکی واقیعی لە فۆرمی گێڕانەوەی بیرەوەری و باسکردنی هەمان گەڕەك لە چوارچێوەی ڕۆماندا، ئەوەیە کە بگێڕەوە دەڵێت: ڕەحیماوا زۆر شتی پێ دەگوتم، چونکە بەشێك لە ژیانی منداڵی و مێرد منداڵی لەو گەڕەك و شوێنە بردۆتەسەر و جیا لەوەش چالاکبوونی ناهۆشیاری یان نا ئاگایی بەڵگەیەکی دیکەی بەڕۆمانکردن و بە ئەدەبیکردنی بیرەوەرییەکانە لە دووتوێی ڕۆماندا، چونکە پێ سپاردنی ئەرکی گێڕانەوە لە هۆشیارییەوە کە تایبەتە بەگێڕانەوەی بیرەوەری و ژیاننامە بە نائاگایی کە زیاتر بریتییە لە گێڕانەوەی نەستی پەیوەستە بە مەسەلەو بابەتی خەیاڵی نووسەرانەوە لە گێرانەوەدا، جیا لەوەش هێنانی گوزارشتێکی وەکو - ویستم هەنگاوە ماندووەکانم سێبەرە کەڵەکەبووەکان لە خۆیان بتەکێنێت- بەڵگەو نیشانەیەکی دەربڕینی خەیاڵی دوور لە واقیعە

کە لەگەڵ گێڕانەوەی بیرەوەری لە فۆرمی ئاساییدا ناتەبایە "دوێنێ شەو بە ماندوویی نووستم، ئەو سەر لە بەیانییە بە ماندوویی لە خەو هەڵسام، خەو مەودای زەمەنی کورت دەکردەوە، بەڵام نەیدەتوانی حەسانەوەیەکی پڕ بەپێستی ئەو ماندووبوونەی ئەو چەند ڕۆژەم بداتێ. دەنووستم بەڵام ناهۆشیاریم ئەو کارەی لە جیاتی من دەکرد، لە جیاتی من ئەو کارەی دەکرد و لە جیاتی من لاپەڕەی ڕۆژگارەکانی بۆ هەڵدەدامەوە، ڕەحیماوا زۆر شتی پێدەوتم، بەشێك لە منداڵیم و مێردمنداڵیم لەوێ بردبووە سەر، ویستم هەنگاوە ماندووەکانم سێبەرە کەڵەکەبووەکان لە خۆیان بتەکێنێت" (مەلا، ٢٠١٢، ١٢٣).

لەم دیمەندا، کە ناوهێنان و باسکردنی چەندین گەڕەکی ناو شاری کەرکوکن لە سەرەتادا خوێنەر هەست بەوە ناکات کە ئەمە جگە لە گێڕانەوەی بیرەوەری نووسەر بەولاوە هیچ سیمایەکی هونەریی یان فۆرمی ڕۆمانی پێوە دیار بێت، چونکە بگێڕەوە بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی و بەزمانێکی سادەی دوور لە هیچ تایبەتمەندییەکی گێڕانەوەی هونەریی باس لە سەرەتای ژیانی لەو شوێنانەدا دەکات، بەڵام ئەوەی وایکردووە ئەم دیمەنە بیرەوەرییە لە گێڕانەوەیەکی بیرەوەری ئاساییەوە بکات بە دیمەنی وێنەگرتنی ئەو گەڕەك و شوێنانە بە گێڕانەوەیەکی هونەریی لە چەشنی ژانری ڕۆماندا بەشی کۆتایی دیمەنەکە و گەڕەکی ڕەحیماوایە وەك شوێن کە بگێڕەوە دەڵێت: ڕەحیماوا لە ڕاستی دێ گوندێك بوو لە پەراسووی کەرکوك چەکەرەی دەکرد، دەستێکی لەسەر شانی کەرکوك و دەستێکیشی گوندەکانی دەلاواندەوە. چەکەرەکردنی شوێنێکی وەك گەڕەکی ڕەحیماوا لە پەراسووی شوێنێکی وەك شاری کەرکوك و وێناکردنی ئەو گەڕەکە وەك شوێن لێچوواندنی بە مرۆڤ یان شێوەپێدان و بە مرۆڤکردنی بەوەی دەستێکی لەسەر شانی کەرکوك بوو، دەستەکەی دیکەشی گوندەکانی دیکەی دەلاواندەوە. دەچێتە نێو چوارچێوەی وەسفکردنیکی واتاییەوە بەمەش بگێڕەوە شێوازێکی هونەریی و واتایی جوانی بە گەڕەکی ڕەحیماوا بەخشیوە بۆ ئەوەی خوێنەر چێژێکی جوانتر لە دیمەنی ئەو گەڕەکە ببینێت.

**٢ - ٤: کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان**

لە گێڕانەوەی بیرەوەریدا کاتی گێڕدراوە کاتێکی تەواو دەرەکی و فیزیکییەو لەسەر یەك ڕاستە هێڵ لە ڕابردووەوە دەستپێدەکات و بەرەو هەڵکشان دەڕوات تا بە کۆتا دەگات و هەڵگەڕانەوەی بۆ ڕابردوو تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو ڕابردوو لە گێڕانەوەی بیرەوەریدا تەنها سەرەتاو دەسپێکی گێڕانەوەیە لە چرکەساتی دەستپێکردنی گێڕانەوەکەوە، ئیتر کاتی گێڕانەوەکە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا لە ڕابردووەوە بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێت و دەڕوات و لە زەمەنێکی دیاریکراودا کۆتایی پێدێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە واقیعی گێڕانەوەی ڕووداوەکان وادەخوازێت، بەڵام لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ژانری چیرۆکی هونەریی و ڕۆماندا سەرەڕای بوونی کاتی دەرەکی یان کاتی ئاشکرا و فیزیکی کاتی ناوەکی یان کاتی دەروونی وەك زەروڕەتێکی گێڕانەوەی ئەم ژانرانە خۆی دەسەپێنێت، لەبەر ئەوەی لە گێڕانەوەی ژانری چیرۆك و ڕۆماندا تەکنیکەکانی گێڕانەوەی ڕووداوو وا دەخوازن پاش و پێشخستن بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە بکرێت و لە لایەکی دیکەشەوە باری دەروونی کارەکتەرەکان هەندێجار وا دەخوازێت کاتی ناوەکی بەسەر کاتی دەرەکیدا زاڵ بێت و ئەمەش ڕەوتی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان تێکدەشکێنێت و ڕێگە نادات لەسەر یەك ڕاستە هێڵ لە ڕابردووەوە بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێن. لە نێو گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ڕۆمانی زاکیرەی بادا سەرەڕای گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە کاتی ڕابردوو جا چ ڕابردووی تەواو بێت یان ڕابردووی دوور یان بەردەوام کە ئەمەش لە سروشتی گێڕانەوەی بیرەوەری لە فۆرمی ئاسایی خۆیدا دەبێتە خەسڵەتی گێڕانەوە لەو ژانرەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکە خراوەتە چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەوە زنجیرەی کاتی گێڕانەوەکانی تێکشکاندووە، بۆ نموونە لەم دیمەنی گێڕانەوە کە سەرەتای گێڕانەوەکەیە ئەم سیمای کاتە دەرەکییە هەستی پێدەکرێت، "بەڵام ئەو پەیوەندییە دەلالەتی خۆی هەبوو، ئەو هۆگرییە شتێکی دەربارەی ئایندە هەڵگرتبوو، بەڵام نەمدەزانی چییە، هەروەها ئەوە یەکەمین پەیوەندی زیندووی من بێت لەگەڵ شاردا، لەگەڵ هەناوی شاردا، ئیتر شار گەورە دەبوو هەر ئەویش واتا شاراوەکانی گوندی بۆ شرۆڤە دەکردم. تا ئەو ساتە وەختەی کە لە کەرکوك دەژیام، سەرم دەکردە هەموو ژێر زەمینەکان، ئیتر ژێر زەمین بووە جیهانێکی پەنهان و فراوان، ئاسۆیەکی دیم تێدا بەدی دەکرد. ئەمە ئەتوارێکی سەیر بوو. ئایا تەعبیری لە خۆ گرمۆڵەکردن نەدەکرد. ئایا چوونە خوارەوە نەبوو بۆ ناخە شاراوەکان؟" (مەلا، ٢٠١٢، ٢٨). وەك دەبینین بەشێکی زۆری کردارەکانی ئەم دیمەنی گێڕانەوەیە بە ڕابردوو گێڕدراونەتەوە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بگێڕەوە لە زەمەنی ئێستادا باس لە قۆناغی ڕابردووی ژیانی دەکات "ڕۆماننووس کە باسی کاتەکانی ناو ڕۆمانەکەی دەکات، ڕەنگە ئەم کاتانەش هەر لەگەڵ کاتەکانی ڕابردووی ژیانی نووسەرەکە ئاوێتە دەبنەوە بەتایبەتیش کاتەکانی سەردەمی منداڵی لە ناویاندا دووبارە دەبێتەوە" (ڕەشید، ٢٠٠٧، ٤٨).

یان کاتێك بگێڕەوە باس لە کودەتای ساڵی ١٩٦٨ دەکات بە زمانی ڕابردوو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە دەگێڕێتەوە، بەڵام هەر لە نێو ئەو گێڕانەوەیە کە تایبەت بە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانە لە ئێستادا دەبینین بگێڕەوە بۆ ئەوەی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەوە بکات بە گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییە لە فۆرمی ژانرێکی وەك ڕۆماندا، ئیتر کاتی گێڕانەوە دەکات بە کاتی ئێستاو کردارەکانی گێڕانەوە دەکات بە کرداری داهاتوو بە مەبەستی بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستای گێڕانەوەکەوە بە بەڵگەی بوونی کردارەکانی وەکو –دەمەوێت، ئینجا دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی چرکەساتی ئەو ڕووداوانە لە ڕابردوودا - هەستم دەکرد هەر دوێنێ بوو ماڵمان لە قەڵاوە بۆ گەڕەکی شەریکە گواسترایەوە. هەر دوێنێش بوو وەکو جاران تاقە قوتابی کوردبووم و لە دەرگای موحەجەرەکانەوە دەچوومە ئەودیو دیوارەکان- کردارەکانی، گواسترایەوە، هەر دوێنێش بوو، دەچوومە، بەڵگەن بۆ بوونی یاریکردن بە کات و تێکشکاندنی کاتی گێڕانەوە لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا "کودەتا ساتەوەختێکە، بەڵام پێش ئەو ساتە وەختە گرنگترە، بۆ ئەوەی لە هۆکارە ڕاستەقینەکانی تێبگەین، ئەگینا مێژوو کوێرانە، لە بیچمی جیاواز خۆی دووبارە دەکاتەوە. گۆڕەپانی قوتابخانەکەی ئێمە یەکێك بوو لە گۆڕەپانە هەرە بەپیتەکان بۆ سەرهەڵدانی ئەم کودەتایە، ... ئەمە ئەتمۆسفیری گشتی قوتابخانەی ئەلحەکیمە بوو. منیش دوای دابڕانێکی زۆر، دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ هەمان شوێن، لە مێشکمدا هەراو زەنای ئەو بەیانییانە دەبووژایەوە. هەستم دەکرد هەر دوێنێ بوو ماڵمان لە قەڵاوە بۆ گەڕەکی شەریکە گواسترایەوە. هەر دوێنێش بوو وەکو جاران تاقە قوتابی کوردبووم و لە دەرگای موحەجەرەکانەوە دەچوومە ئەودیو دیوارەکان. بەنسبەت منەوە دوو دونیا بوون. دیسانەوە زیندانی زمان و شوێن بووم" (مەلا، ٢٠١٢، ٥١). تەنانەت ئەو کاتە دەرەکی و ئاشکرایەی نێو دونیای گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی بگێڕەوەوە سەرچاوەی گرتووە زۆرینەی کاتی گێڕانەوەکەی پێکهێناوە و لە زۆربەی دیمەنەکانی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەبینرێت "پێش سێ ڕۆژ لەمەوبەر کە هەولێرم جێهێشت، کەس پێی نەوتم کە شار بار دەکات. دەبێت شتێکیان لێ شاردبێتمەوە. دەبوایە یەکێك لەگەڵ خۆم بهێنم. لە وەزعی ترسناکی وادا پێویستی دەکرد بەتەنیا نەبم. کاتێك لە سەیتەرەش پەڕیمەوە. پێشمەرگەکان داوای پسوولەیان لێکردم و منیش دامنێ، بۆ ئەوان پێ دەچوو هیچ شتێکی ئاوا لە گۆڕێ دا نەبێت و جێی مەترسی نەبێت. یا ئەوەتا من، دوای ئەو چەندین ساڵەی دوورکەوتنەوە، توانای ئەوەم نەمابێت بە باشی لە شتەکان بگەم و ئاماژەکان بخوێنمەوە، یان ئەوەتا بەهەڵە لێکیانم دابێتەوە. کاتێکیش گەیشتمە سەیتەرەی کەرکوك. ئینزیباتێك داوای دەفتەر خدمەی لێکردم و سەیرێکی ئەمنەکەی تەنیشتیشی کرد و سەیرێکی منی کردەوەو پێی وتم: بەڵلا هذا عراقي؟ بۆ ئەوەی گومانەکەی بڕەوێنمەوە بە پێکەنینەوە وتم: وەعتەك عراقي. بە شێوە زمانەکەم ئەوەیان لا ساغ بووەوە کە خەڵکی ئەم ناوچەیەم. هەردووك دایانە قاقای پێکەنین و دەفتەرخدمە نووشتاوەکەیان داوە دەستم" (مەلا، ٢٠١٢، ١٢١). لەمەوە دەردەکەوێت ئەحمەدی مەلا بۆ ئەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی خۆی لە گێڕانەوەدا لە فۆرمی بیرەوەریی ئاساییەوە بگۆڕێت بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ ژانرێکی هونەری وەکو ڕۆمان ناچار بووە سروشتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لە ڕووی کاتەوە بگۆڕێت، چونکە لەسەر ئاستی گێڕانەوەدا لەئەنجامی ئەو تەکنیکانەی کە ڕۆماننووس بەکاریهێناون جۆرە یارییەکی هونەریی لەگەڵ کاتی ڕووداوەکاندا کردووەو بەمەش سیمای هونەرییانەی ڕۆمانی بە بیرەوەرییەکانی بەخشیوە.

**ئەنجامەکان:**

١-لە نێوان هەردوو ژانری بیرەوەری و ڕۆماندا هاوچەشنی لە پێکهاتەی ڕەگەزەکانیاندا بەدی دەکرێت، ئەوەی لە یەکتریان جیادەکاتەوە چۆنییەتی گێڕانەوەیانە بەجۆرێك گێڕانەوەی بیرەوەری لە فۆرمی زمانی ئاسایی و بە ڕەچاوکردنی پاراستنی واقیعیەتی ڕووداوە بینراوەکان دەبێت، بەڵام ڕۆمان ئەگەر ڕووداوەکانی لە ژیانی واقیعیش وەربگیرێن پێویستی بەوە دەبێت بۆ ئەوەی خۆی لە چوارچێوەی فۆرمی ڕۆماندا نیشانبدات تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشە بکرێت و گێڕانەوەیەکی هونەریی پێبەخشرێت ئەویش لە ڕێگەی ئەو تەکنیکانەی گێڕانەوەوە کە سیماو تایبەتمەندیی هونەریی بە دەقێك دەبەخشن و دەیکەن بە ڕۆمان.

٢- ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی "زاکیرەی با" لە بنەڕەتدا بیرەوەری سەردەمی قۆناغی منداڵی خوێندنی سەرەتایی ئەو کات و سەردەمەی نووسەرن کە ماڵەکەیان لە گوندی زەردکی ناوچەی شوانی شاری کەرکوکەوە دێتە شاری کەرکوك و لە گەڕەکی قەڵاو دواتریش گەڕەکی ڕەحیماوا نیشتەجێدەبن، بەڵام ئەو ڕووداوانە لە لایەن نووسەرەوە لە گێڕانەوەیەکی ئاسایی بیرەوەرییەوە بەجۆرێك پارێزگاریکردن لە واقیعییەتی شوێن و کارەکتەر و کاتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان کراون بە ڕۆمانێکی هونەریی و لە شێوەو فۆرمی ڕۆماندا گێڕدراونەتەوە.

٣-یەکێك لەو تەکنیکانەی کە گێرانەوەیەك لە فۆرمی بیرەوەرییەوە دەکات بە گێرانەوەی هونەریی لە فۆرمی رۆمان بابەتی گێرانەوەو کاتی گێرانەوەیە، بەجۆرێك لە گێرانەوەی بیرەوەریدا هەمیشە نووسەر پابەندی کاتی زنجیرەیی گێرانەوەیە لە خاڵیکی دیاریکراو و کاتیکی دەستنیشانکراوەوە دەست بە گێرانەوە دەکات و لە رابردووەوە بەرەو داهاتوو رووداوەکان دەگێریتەوە، بەڵام گێرانەوەو کاتی گێرانەوە لە ژانری رۆماندا تەنانەت ئەگەر گێرانەوەی رووداوەکانی نێو رۆمانەکە گێرانەوەی بیرەوەری خودیی نووسەریش بێت، ئەوا تەکنیکی گێرانەوەی رۆمان کاتی گێرانەوە تێکدەشکێنێت و هەڵگەرانەوە و پێشخستن و دواخستنی کاتی رووداوەکانی لێ دێتە ئاراوە لە رۆمانی زاکیرەی باشدا سروشتی گێرانەوەکە بەو شێوەیە.

٤-ئەحمەدی مەلا لە پێشەکی رۆمانەکەیدا خۆی باس لە گەرانەوەی بۆ شاری کەرکوك دەکات دوای بیست و هەشت ساڵ دووری و دابران لەو شارەو چۆنیەتی نووسینەوەی ئەو لاپەرانەی ژیانی لە وڵاتی فەرەنسا ئاماژە پێدەدات، کە ئەگەر ئەو پێشەکیە لە لاپەرەی سەرەتای رۆمانەکەدا نەبووایە، رەنگە خوێنەر تەنها وەك رۆمان لەو دەقە بروانییوایە بە تایبەتیش کە لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا نووسیویەتی رۆمان و ناسنامەی رۆمانی بە گێرانەوەکەی بەخشیوە، بەڵام بوونی ئەو پێشەکییە خوێنەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە ئەوە گێرانەوەی ئەو بیرەوەرییەیە لە شێوەو فۆرمی رۆماندا و گێرانەوەی بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمەی ژیان نییە لە فۆرمێکی ئاساییدا.

**سەرچاوەکان:**

**بەزمانی کوردی**


-ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠٨، چەمك ومەوداکانی شوێن لە چیرۆکدا (دەروازەیەکی تیۆری)، بەرهەمە بەشداربووەکانی سێهەمین فیستڤاڵی رۆشنبیری سلێمانی، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

-ئەحمەد، محەمەد نوری، ٢٠٠٤، بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی رۆماندا، ژانی گەل وەك نموونە، چاپخانەی خاك، چ١، سلێمانی.

-بۆتۆر، میشێل، ٢٠٠٤، رۆمان وەك توێژینەوە، و: رەزا شەجیعی، نڤیسار، ژ(٢٥٣)، دەزگای چاپوبڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر.

-سابیر، پەرێز، ٢٠٠١، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.

- پیرداود، ستاری، ٢٠١٠، خوێندنەوەی میتافۆر، چاپخانەی خانی، چ٢، دهۆك.

-عارف، حمەکەریم، ٢٠٠٨، دەربارەی رۆمانو چیرۆك، چاپخانەی ئارابخا، چ ١، کەرکوك.

-عارف، حەمە کەریم، ٢٠١٨، هەزار پیشە- چەند پەیڤێك دەربارەی رۆمان،، ناوەندی ئارا، سلێمانی.

-عومەر، سەلاح ، ٢٠١٠، رۆمان لەگۆشەنیگای جیاوازەوە، چاپخانەی خانی، چ ١، دهۆك.

-قەرەداخی، عەتا ،٢٠٠٤، گەرانەوە لەخەیاڵەوە بۆ واقیع، دەزگای چاپوپەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی.

-رەشید، سابیر ،٢٠٠٧، رۆمانی کوردی- خوێندنەوەو پرسیار، چا ١، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

-مەلا، ئەحمەد، ٢٠١٢، زاکیرەی با- رۆمان، چاپخانەی هێڤی، چا ١، هەولێر.

-یەعقووب، عەلی عوسمان، ٢٠١٥، رۆمان: ژانرێك بۆ تەکنیکە جوانەکان، گ/ رامان، ژ ٢١٨.


**نامەی زانستی**

-عبدالله، محمد امين، ٢٠٠٠، شاكەس لە رۆمانی كوردی كوردستانی عێراقدا (١٩٩٠ ـ ١٩٩٧ )، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدين، كۆليجی ئاداب، بەشی كوردی، هەولێر.

-عوسمان، كاروان مەهدی، ٢٠٠٨، تەكنيكی وەسف لە ڕۆمانەكانی (بەختيار عەلی)دا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی كۆيە.

**بەزمانی عەرەبی**

-ايوب، نبيل (د)، ٢٠٠١، التعبير منهجيته و تقنياته، الطبعة الثانية، دار المكتبة الاهلية.

-الفيصل، سمر روحى، ٢٠٠٣، الرواية العربية والبناء والرؤية، منشورات دار الكتاب العرب، دمشق.

-بو طالب، ابراهيم، ٢٠١٨، البحث التاريخي ، منشورات كلية الاداب والعلوم الانسانية، رباط.

-بطرس، انطونيوس ،٢٠٠٥، الادب– تعريفه -انواعه – مذاهبه، المؤسسة الحديثة لكتاب، ط ١، طرابلس.

-عبدالله، د.محمد قاسم (د)،٢٠٠٣، سيكولوجية الذاكرة، مطابع السياسة، كويت.

-فضل. صلاح،١٩٩٧، نظرية البنائية في النقد الادبي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

- ف. غ. ادينوكوف، ١٩٨١، ٢٤).

-قاسم، سيزا، بناءالرواية: دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ، دار التنوير للطباعة والنشر، ط١، بيروت.

-محبك، د. احمد زياد(د)، ٢٠٠٥، متعه الروايه، الطبعة الاولي، دار المعرفة، بيروت.

- مححفوظ، عبداللطيف، ٢٠٠٩، وظيفة الوصف في الرواية، منشورات الاختلاف، ط ١، الجزائر.

-م. مورو ،٢٠١٢، الذاكرة والديمومة عند قديس اوغسطن ، دار المعابر للنشر، دمشق.

**نامەی زانستی:**

-عثمان، اريان عبدالقادر، ١٩٩٩، تقنيات السرد في روايات احمد خلف، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين. اربيل.

-علاوي، عبدالله ابراهيم، ١٩٨٧، البناء الفني في رواية الحربى العربية في العراق (١٩٨٠- ١٩٨٥) رسالة ماجستر، كلية الآداب، جامعة بغداد.

-هنداوى، مها فاروق، ٢٠١٦، سرديات الذاكرة المأزومة قرأة فى الرواية العراقية المعاصرة، جامعة بغداد-كلية التربية- ابن الرشد، مؤتمر السرد الاول، بغداد.

-يوسف، امنة ، ١٩٩٧، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق, ط ١, دار الحوار للنشر والتوزيع, الاذقية.

**Research Abstract:**

Ahmadi Mullah's Zakiray Ba is a different novel from the Kurdish novel world, because it is not based on an ordinary novel, but on the narrative of the novelist's own childhood memories, ie Ahmadi Mullah's memories instead of his contemporaries He has mixed these memories with his creative imagination and put them within the framework of the artistic form of the novel genre. As he wrote on the cover of his book, instead of writing memoirs, Ahmadi Mullah has tried to tell them He should change the memories of his childhood and adolescence to narrate in the form of a novel genre, not keeping them in the ordinary cover of memory and hanging them in artistic narrative From the beginning, what he realizes is that what he is reading is a completely artistic novel. From this perspective, this study shows how to tell this memory in the form of a novel by focusing on the genres that make up both types of literature, such as characters, events, places, times and descriptions with examples taken from the novel.

**Keywords: narrative, memory, novel, event, place.**